wdh
Wakefield and District Housing




# ئاستە پێویستەکانی
# مافەکانی بەشداران

**هێنانەدی پەیمانەکان، باشترکردنی ژیانی خەڵک**

This document is also available in other languages, large print, and audio format upon request.

### Croatian
Ako želite možete dobiti ovaj dokument i na ostalim jezicima, krupno tiskan, i u audio formatu.

### Czech
Tento dokument je na vyžádání k dispozici také v jiných jazycich, ve velkém tištěném formátu a zvukovém formátu.

### French
Ce document est également disponible dans d'autres langues, en gros caractères et en cassette audio sur simple demande.

### Kurdish
ئەم بەلگەیە هەروەها بە زمانەکانی کە، بە چاپی درشت و بە شریتی تەسجیل دەس دەکەویت

### Polish
Dokument ten jest na życzenie udostępniany także w innych wersjach językowych, w dużym druku lub w formacie audio.

### Punjabi
ਇਹ ਦਸਤਾਵੇਜ਼ ਹੋਰ ਭਾਸ਼ਾਵਾਂ ਵਿਚ, ਵੱਡੇ ਅੱਖਰਾਂ ਵਿਚ ਅਤੇ ਆਡੀਓ ਟੇਪ 'ਤੇ ਰਿਕਰਾਡ ਹੋਇਆ ਵੀ ਮੰਗ ਕੇ ਲਿਆ ਜਾ ਸਕਦਾ ਹੈ।

### Russian
Настоящий документ по отдельному запросу можно получит в переводе на другие языки напечатанным крупным шрифтом или на аудиокассете.

### Urdu
درخواست پر یہ دستاویز دیگر زبانوں میں، بڑے حروف کی چھپائی اور سننے والے ذرائع پر بھی میسر ہے۔

تیپی هەڵتۆقیو بۆ نابینایان (برایڵ) | یان هەر شێوازێکی دیکە | سی دی | بە تیپی گەورە

(ئەو پەیوەندیانەی کە بە تێکستیش دەنێردرێن هەر وەردەگیرێن) **08458507507**

(تەلەفون کردن بۆ وان کۆڵ (OneCALL) پێدەچێت تۆمار بکرێت بۆ مەبەستی ڕاهێنان)

**communications@wdh.co.uk**

# ناوەرۆک


## سەرەتا لە بەڕێوەبەری گشتییەوە.......................................................1

## پەیوەندی کردن بە WDH ەوە....................................................3

لەڕێگای وان کۆڵەوە..........................................................................................3

بەشێوەی شەخسی...........................................................................................4

بە نوسین بە نامە یان بەئیمەیڵ.....................................................................5

لە ڕێگای خزمەتگوزاری کێ لینکەوە.............................................................5

بەوەی داوامان لێبکەیت لە ماڵەوە سەردانت بکەین...................................6

لە بنکەیەکی زانیاری خزمەتگوزاری...............................................................6

لە ڕێگای ئینتەرنێتەوە......................................................................................7

## بەردەوام ئاگادارت دەکەینەوە.........................................................7

لە خزمەتگوزارییەکاندا بەشدارت دەکەین....................................................9

## گازەندە کردن.......................................................................9

## دۆزینەوەی ماڵ.......................................................................10

داواکارینامە گشتییەکان..................................................................................10

پرۆسەی واژۆکردن............................................................................................11

گواستنەوە بۆ ماڵێکی دیکە...........................................................................12

## کێشە ماڵییەکان......................................................................12

پارەی کرێ دان و هەر تێچوونێکی دیکەی خزمەتگوزاری............................12

ریخستنی پارە..................................................................................................13

## چاودێری کردنی ماڵەکەت و ژینگەکەت.........................................14

خزمەتگوزارییە چاککردنەوەکانمان..............................................................14

خزمەتگوزاری گاز...........................................................................................15

چاودێری کردنی ژینگە...................................................................................15

گازندەی هەڵسوکەوتی دژەکۆمەڵ و بێزار کردن.........................................15

سەلامەتی ئاگر.................................................................................................16

## باشترکردنی ماڵەکەت..............................................................17

باشترکردنی سەرەکی......................................................................................17

باشترکردن یان دەستکاری کردنی ماڵەکەت لەلایەن خۆتەوە.....................18

خزمەتگوزارییە تایبەتەکان..........................................................................18
ژیان لە بینایەکی چەند نهۆمیدا..........................................................................18
بەرنامەکانی ژیانی سەربەخۆ..........................................................................18
خانووبەرەی سەرپەرشتی زیاتر..........................................................................19
کڕین یان لیزکردنی ماڵ یان زەوی..........................................................................19
زانیاری پەیوەندی پێوەکردنی بەکەڵک..........................................................................21
وان کۆڵ..........................................................................21
ئیمەیڵ..........................................................................21
بنکەکانی دەستڕاگەیشتن بە خزمەتگوزاری ..........................................................................21
بنکەکانی زانیاری خزمەتگوزاری..........................................................................21
فەرهەنگۆکی زاراوەکان مافەکانی بەشدار..........................................................................22

ئایا ئێمە بەباشی لێیان تێگەیشتووین؟..........................................................................23

# سەرەتای بەڕێوەبەری گشتی



ئێمە مافەکانی بەشدارانی خۆمان لە نیسانی 2005 دا بڵاو کردەوە وە لەو کاتەوە ڤێرشنی نوژەنکراوە دەرچووە. ئامانج لەوە هەمیشە بۆ ئەوە بووە کە ئاماژەیەکی ڕوون بدەین بەدەستەوە لەسەر ئاستە پێویستەکانی خزمەتگوزاری کە ئێوە چاوەڕوانی دەبن لە خانووبەرەی وەیکفیلڵدو دەوروبەری .(WDH)

چوارچێوەی ڕێکخستنی دەسەڵاتی خزمەتگوزاری کرێچی نوێ بۆ خانووبەرەی کۆمەڵایەتی لە ئینگلتەرە کە لە 1 ی نیسانی 2010 وە کەوتۆتە کار ئەرکی داڕینکردنی 'پێشنیازی خۆجێی' خستۆتە ئەستۆی دابینکارانی خانووبەرەی وەک WDH بۆ ڕێکخستنی 'پێشنیازی خۆجێی' خۆیان بۆ کرێچییەکانیان.

ئەم ڕاپۆرتی ئاستی پێویستی مافی بەشدارە سەرەتای پێشنیازی خۆجێی ئێمەیە بۆ ئێوە.

هەتا ئۆکتۆبەری 2010، ئێمە ئەنجامەکانی ڕاوێژەکەمان بڵاودەکەینەوە، ئەوە دەخەینەڕوو کە ئەو ئاستانە چۆن چاودێری دەکرێن و کێ دەیکات، وە ئاگادارتان دەکەینەوە کە ئێمە چی دەکەین ئەگەر نەتوانین بیانهێنینە دی.

ئێمە حەز دەکەین بیروڕای ئێوە وەربگرین کە ئایا ئەو زانیاریانە لەسەر ئاستەکانی خزمەتگوزاری کە لەم بڵاوکراوەی ئاستە پێویستەکانی مافی بەشدارانداا هاتووە وەڵام دەرەوەن بە پێشبینیەکانی ئێوە.

کێڤین دۆد (Kevin Dodd)
بەڕێوەبەری گشتی

# ئاستە پێویستەکانی مافی بەشداران

WDH هیوادارە کە باشترین خزمەتگوزاری گونجاو پێشکەش بکات بۆ ئەوەی وەڵامدەرەوە بن بە پێداویستییەکانتان.  بۆ بەدەستهێنانی ئەوە ئێمە پێنج پرانسیپمان هەیە بۆ خزمەتگوزاری بەشداران کە ئێمە بەسەر  هەموو شتێکدا دەیانچەسپێنین.

**ئێمە:**

- هەموو شتێک یەکسەر وە یەکەمجار تەواو دەکەین؛
- لەوە دڵنیا دەبینەوە کە هەموو بەشداران وەها هەست دەکەن کە بەهایان بۆ دادەنرێت و ڕێزیان دەگیرێت، بە دەستنیشان کردنی پێداویستییە تاکەکان وە تێگەیشتن لە جیاوازییەکان؛
- لەوە دڵنیا دەبینەوە کە ئێمەو ئەو بەڵێندەرانەی کە ئێمە دایاندەمەزرێنین بە جۆرێک خزمەتگوزارییەکانمان ئەنجام دەدەن کە هیچ تاکە کەسێک یان گروپێک هەڵنەهاوێرن ئیتر ڕاستەوخۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ؛
- هەموو کاتێک ڕێز لە نهێنییەکانتان دەگرین وە مافی ئێوە دەسەلمێنین بۆ دەستڕاگەیشتن بەو زانیارییە تاکەکسیانەی کە ئێمە لەسەر ئێوە پاراستومانن؛ وە
- بواری ئەوەتان دەدەینێ کە بەشداری بکەن لە بڕیاردان لەسەر ئەو شێوازەی کە ئێمە خزمەتگوزارییەکانمانی پێ ئەنجام دەدەین وە یارمەتیدانمان بۆ دەستنیشان کردنی شێوازی نوێ.

لە سەرتاپای ئەم ڕاپۆرتی ئاستە پێویستەکانی مافی بەشدارانەدا ئێوە خانەی زانیاری دەبیننەوە. ئەوانە بۆ بەئەنجام گەیاندنی ئەو ئاستی خزمەتگوزارییە دانراون کە ئێوە دەکرێت لە ئێمە چاوەڕوانی بکەن.

ئێمە بەردەوام ئەوە دەپشکنین بزانین ئەو ئامانجانەی ئاستی خزمەتگوزاری هێنراونە دی. دەسکەوتەکانمان بۆ ئەو ئاستانە لە هەواڵەکانی WDH و لەسەر ماڵپەڕەکەمان بڵاودەکرێنەوە.

# پەیوەندی کردن بە WDH ەوە

## هیوامان ئەوەیە:

- بواری ئەوەتان بدەینێ کە لە کات، شوێن وە بە شێوازێک پەیوەندیمان پێوەبکەن کە بۆ ئێوە زۆر گونجاو بێت؛
- بە ڕێزو پایەوە مامەڵەتان لەگەڵ بکەین؛
- بە خێرایی و بە کاریگەرانە وەڵامی پرسیارەکانتان بدەینەوە؛
- بە جوانی و بە گوێرەی ڕێساکانمان مامەڵەتان لەگەڵ بکەین؛
- هەر جۆرە پێداویستیەکی تایبەتت هەبێت ئێمە بیانگرینە بەرچاو؛
- ڕێز لە تایبەتمەندی و نهێنییەکانتان بگرین؛ وە
- لەوە دڵنیابینەوە کە ئێمە هێشتا هەر هەمان ئاستی بەرزی خزمەتگوزاریت پێشکەش دەکەین لەگەڵ ئەوەشدا کە پەیوەندیت پێوەکردوین.

## ئێوە دەتوانن دەستتان بە هەموو ئەو خزمەتگوزاریانە ڕابگات کە لەلایەن WDH وە دابینکراون:

- بە تەلەفون، بۆ خزمەتگوزاری وان کۆڵ (OneCALL) ی ئێمە؛
- بە شێوەی شەخسی، بە سەردانی یەکێک لە بنکەکانی دەستڕاگەیشتن بە خزمەتگوزاری ئێمە (SAPs)؛
- بەشێوەی ئەلەکترۆنی لە یەکێک لە بنکەکانی زانیاری خزمەتگوزاری ئێمە؛
- بە نوسین، یان بە نامە یاخود بە ئیمەیڵ؛
- لەڕێگای خزمەتگوزاری کێ لینک ( Care Link)؛
- بەوەی کە داوامان لێبکەیت لەماڵەوە سەردانت بکەین؛ وە
- لە ڕێگای ماڵپەڕەکەمانەوە لە www.wdh.co.uk

کاتێک کە پەیوەندیمان پێوەدەکەیت ئێمە لەوە تێدەگەین کە زانیاری تاکەکەسی نهێنییە وە ئێمە پشتگیری پرانسیپەکانی یاسای پارستنی داتا دەکەین. ئەگەر حەز دەکەیت چاوت بەو زانیارییە تاکەکەسیانە بکەوێت کە ئێمە لەسەر تۆ پاراستومانن تکایە داواکەت بە نوسین بنێرە وە ئێمە پێتدەڵێین پارەکەی چەند دەکات وە ئەو هەنگاوانەی کە پێویستە پەیڕەویان بکەیت چین.

> هەموو داواکارییەک بۆ زانیاری تاکەکەسی لە ماوەی 40 ڕۆژدا وەڵامی دەدرێتەوە لەو کاتەوە کە دەگاتە دەستمان، بەگوێرەی یاسای ئێستا.

## لەڕێگای وان کۆڵەوە

وان کۆڵ بنکەی ناوەندی ئێمەیە بۆ پرسیارکردن ئیتر بە تەلەفون بکرێت یان بە هەموو هۆکارە ئەلەکترۆنییەکان. ئەو خزمەتگوزارییە 24 کاژێر لە ڕۆژێکدا کراوەیە، لە هەموو ڕۆژەکانی هەفتەدا وە دەتوانیت پەیوەندیمان پێوەبکەیت بە ژمارە 08458507507 (ئەو تەلەفونانەی کە بۆ وان کۆڵ دەکرێن پێدەچێت تۆمار بکرێن بۆ مەبەستی ڕاهێنان).

ئەو خزمەتگوزارییە یارمەتی و ڕێنمایی دابین دەکات، وە هیوادارە کە زۆربەی کێشەکانتان چارەسەر بکات لە ڕێگای یەک پەیوەندی تەلەفونییەوە، بۆ کێشەی وەک:

- ڕاگەیاندنی هەڵسوکەوتی دژە کۆمەڵ بە پەیوەندی کردنیش بە خزمەتگوزاری سەردانی کاتی دوای دەوامیشەوە؛
- ڕاگەیاندنی چاککردنەوە وە پرسیارکردن دەربارەی ئەو چاککردنەوانەی کە ئێستا بەڕێوەدەچن؛
- پارەی کرێدان وە زانیاری حسابی کرێ؛
- ژینگەی ناوچەکە وە کێشەی چاککردنەوەی مەیدان و ڕووە ئەرزییەکان؛
- بەرنامەی بەرەپێدانی خانوو؛
- پرسیار دەربارەی بەکرێدان؛
- دەربڕینی هۆم سێرچ (Homesearch) کە بۆ ماڵەکان باش بێت؛

- زانیاری گشتی لەسەر هەرکام لە خزمەتگوزارییەکانی WDH.

پێویست ناکات ژمارە تەلەفونێکی تر بەکاربهێنیت تەنها لە کاتێکدا نەبێت کە مەسەلەکەت پەیوەندی بە کارمەندێکی دیاریکراوەوە هەبێت بۆ پرسیارەکەت لەو کاتەدا ژمارە تەلەفونێکی ڕاستەوخۆت دەدەنێ کە تەلەفونی بۆ بکەیت.

کاتێک کە بە تەلەفون پەیوەندیمان پێوە دەکەیت ئێمە هیواداریین:

- لە ماوەی 20 چرکەدا وەڵامی تەلەفونەکەت بدەینەوە.
- ناوی ڕێکخراوەکەمانت پێبڵێین لەگەڵ ناوی ئەو کەسەی کە وەڵامی تەلەفونەکەت دەداتەوە.
- هەر لەوێدا وە لەو کاتەدا وەڵامی کێشەکەت بدەینەوە. ئەگەر نەتوانین ئێمە کارێک دەکەین کە کەسی گونجاو لەو بارەیەوە هەتا ڕۆژی کارکردنی داهاتوو وەڵامت بداتەوە. ئەگەر تۆ کەسێکی بێدەسەڵات بیت ئێمە ڕێوشوێنی تایبەت دەگرینەبەر بۆ چارەسەرکردنی کێشەکەت لەماوەی چوار کاژێردا.

> هەموو پەیوەندییە تەلەفونییەکان لەماوەی 20 چرکەدا وەڵامیان دەدرێتەوە.

ئەو خزمەتگوزاریانەی دیکە کە تەواوکەری خزمەتگوزاری وان کوڵێ ئێمەن ئەمانە دەگرنەوە:

- ڕاگەیاندنی چاککردنەوە لەسەر ئینتەرنێت لەسەر ماڵپەڕەکەمان www.wdh.co.uk چاککردنەوەیەک ڕابگەیەنە log a repair هەڵبژێرە لەسەر لاپەڕەی ماڵەوە وە دوای ئەوە فۆرمی چاککردنەوە لەسەر ئینتەرنێت online repairs reporting form؛
- فۆرمی داواکاری بۆ خزمەتگوزارییەکانی WDH لەسەر ئینتەرنێت لە www.wdh.co.uk- بیروبۆچوون feedback هەڵبژێرە لەسەر لاپەڕەی ماڵەوە وە دوای ئەوە فۆرمی سەر ئینتەرنێت پڕبکەرەوە؛ وە
- هۆمسێرچ (Homesearch) خزمەتگوزاری بەکرێدان بەگوێرەی ویست لەسەر ماڵپەڕی www.wdhomesearch.co.uk

## بە شێوەی شەخسی

بۆ ئەوەی بەشێوەی شەخسی پەیوەندیمان پێوەبکەیت دەتوانیت سەردانی هەر کام لە SAP یەکانمان بکەیت. لیستێکی ناونیشانەکان لە **لاپەڕە 21 دایە.**

کاتێک کە سەردانی یەکێک لە SAP یەکانمان دەکەیت ئێمە:

- وەکو تاکەکەسێک بەڕێزو بەهازانینەوە مامەڵەت لەگەڵ دەکەین؛
- لەوە دڵنیا دەبینەوە کە لەماوەی 10 خولەکدا بتبینین وە پرسیارەکەت لەلایەن کەسی گونجاوەوە وەڵامی دەدرێتەوە؛ ئەگەر سەرقاڵ بیت و نەتوانین لەو کاتەدا بتبینین ئێمە داوای لێبوردن دەکەین و هۆکارەکەیت بۆ ڕوون دەکەینەوە؛
- لە ژوورێکی تایبەتی چاوپێکەوتندا دەتبینین ئەگەر داوای ئەوە بکەیت؛
- لەوە دڵنیا دەبینەوە کە فەرمانگەکە گونجاوە هەموان دەتوانن کەڵکی لێوەربگرن وە بەکارخستنی هۆکارێکی بیستن هەڵدەواستین بۆ یارمەتی دانی ئەو کەسانەی کە کێشەی بیستنیان هەیە؛
- لەوە دڵنیا دەبینەوە کە بە ئاسانی دەستمان ڕادەگات بە لەنگویج لاین ( Language Line) ئەگەر حەز بکەیت بە زمانێک قسەمان لەگەڵ بکەیت کە ئینگلیزی نەبێت؛
- ژمارەیەکی تەواو وەرەقەی زانیاری پێشنیاز دەکەین دەربارەی هەموو ئەو خزمەتگوزاریانەی کە ئێمە دابینیان دەکەین وە هەر خزمەتگوزارییەک کە ئێمە لەباتی کاونسڵی وەیک فیلد دابینی دەکەین، وەکو دەست ڕاگەیشتن بە دەستگیرۆیی خانووبەرە ( Housing Benefits)؛
- دابینکردنی خزمەتگوزارییەکی تەلەفونی خۆڕایی بۆ ئەوەی بتوانیت بەخۆڕایی تەلەفون بکەیت بۆ خزمەتگوزارییەکانی تری WDH؛

- کاتەکانی دەوامکردنمان بە ڕوونی هەڵبواسین وە تێبینی نیشان بدەین سەبارەت بە دەوام نەبوون لەکاتی پشوودا؛
- زنجیرەیەک ڕێگا بۆ ئێوە پێشنیاز بکەین بۆ دانی کرێ یان هەر تێچوونێکی تر کە پێدەچێت لەلاتان بێت؛
- زانیاری نوێ دەربارەی چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان لە لەوحەی ئاگاداری کۆمەڵگادا هەڵبواسین؛ وە
- دابینکردنی دەستڕاگەیشتن بە کۆمپیوتەر بۆ داواکاری چاککردنەوە لەسەر ئینتەرنێت وە دەستڕاگەیشتن بە هۆم سێرچ.

لە SAP یەکانماندا هەموو بەشدارەکانمان لەماوەی 10 خولەکدا دەکرێنە ژوورەوە.

## بە نوسین، یان بە نامە یاخود بە ئیمەیڵ؛

کاتێک کە بە نامە پەیوەندیمان پێوە دەکەیت ئێمە:

- مۆری بەرواردارای ئەو ڕۆژەی لێدەدەین کە گەیشتووە؛
- لە ماوەی حەوت ڕۆژی کارکردندا وەڵامت دەدەینەوە؛ ئەگەر نەتوانین لەو ماوەیەدا وەڵامت بدەینەوە ئاگادارت دەکەینەوە وە پێت دەڵێین کەی چاوەڕوانی وەڵام بیت؛
- لەوە دڵنیا دەبینەوە کە وەڵامەکە هیچ شتێکی 'بەتوێکڵی' تێدا نییە وە بە ئاسانی لێی تێدەگەیت؛ وە
- وەڵامەکەت بە تیپی گەورەتر، بە زمانێکی جیاواز یان شێوازێکی جیاواز بۆ دەنێرین ئەگەر پێمان بڵێیت کە چیت پێویستە.

کاتێک بە ئیمەیڵ لەڕێگای ئینتەرنێتەوە پەیوەندیمان پێوەدەکەیت ئێمە:

- لە ماوەی حەوت ڕۆژی کارکردندا وەڵامت دەدەینەوە؛ ئەگەر نەتوانین لەو ماوەیەدا وەڵامت بدەینەوە ئاگادارت دەکەینەوە وە پێت دەڵێین کەی چاوەڕوانی وەڵام بیت؛
- لەوە دڵنیا دەبینەوە کە وەڵامەکە هیچ شتێکی 'بەتوێکڵی' تێدا نییە وە بە ئاسانی لێی تێدەگەیت؛ وە
- وەڵامەکەت بە تیپی گەورەتر، بە زمانێکی جیاواز یان شێوازێکی جیاواز بۆ دەنێرین ئەگەر پێمان بڵێیت کە چیت پێویستە.

ئێمە لە ماوەی حەوت ڕۆژی کارکردندا وەڵامت دەدەینەوە.

## لەڕێگای خزمەتگوزاری کێ لینک (Care Link) ەوە؛

کێ لینک هێڵی سەرپەرشتی تەلەفونی خزمەتگوزاری ئاگادارکردنەوەی شەخسی ئێمەیە کە هەموو کاتێک کراوەیە. ئەگەر پەیوەستیت بەم خزمەتگوزارییەوە ئێمە سیستمێکی ئاسایشیت بۆ دابین دەکەین بۆ ئەوەی ڕێگات پێبدات کە ژیانێکی سەربەخۆتر بژیت لە ماڵەکەی خۆتدا. ئەوە ڕێگات پێدەدات کە دەستت ڕابگات بە خزمەتگوزارییە کوتوپڕییەکان وە خزمەتگوزاری دیکە کە WDH دابینی دەکات.

کاتێک لەڕێگای خزمەتگوزاری کێ لینکەوە پەیوەندیمان پێوە دەکەیت ئێمە:

- کارمەندی بەتایبەت ڕاهێنان پێکراومان هەیە کە وەڵامی تەلەفونەکەت دەدەنەوە؛
- 24 کاژێر لە ڕۆژێکدا، لە هەموو ڕۆژەکانی هەفتەدا وەڵامی تەلەفونەکانت دەدەینەوە، لە ماوەی 15 چرکەدا لەو کاتەوە کە تەلەفونەکەت دەگات؛ وە
- پەیوەندی دەکەین بە خزمەتگوزارییە کوتوپڕییەکانەوە، دوکتۆر یان کەسێکی ترەوە

یان خزمەتگوزارییەکەوە کە پێدەچێت تۆ پێویستیت بە یارمەتی ئەوان بێت.

بۆ ئەوەی ماوەمان بدەیت ئاستێکی بەرزی نهێنی پاراستن پەیڕەو بکەین لە خزمەتگوزاری کێ لینکدا وە لەوە دڵنیابینەوە کە بەباشی کاردەکەن ئێمە:

- ئامێرەکە تاقیدەکەینەوە بەرلەوەی کرێچێتییەکی نوێ وەربگرین؛
- هەموو ئێوارەیەک پەیوەندی بۆ هەر بەرنامەیەکی کێ لینک تاقیدەکەینەوە؛ وە
- هەموو ساڵێک بەو زانیاریانەدا دەچینەوە کە دەربارەی تۆ پاراستومانە وە داوات لێدەکەین کە لەسەر ئاستی ئەو خزمەتگوزارییەی کە پێشکەشت کراوە تێبینی خۆت بدەیت.

هەموو پەیوەندییە تەلەفونییەکان لەماوەی 15 چرکەدا وەڵامیان دەدرێتەوە.

## بەوەی کە داوامان لێبکەیت لە ماڵەوە سەردانت بکەین؛ وە

کاتێک لەماڵەوە سەردانت دەکەین ئێمە:

- ڕێز لە ماڵەکەت و کولتورەکەت دەگرین؛
- کاتێکی وەها هەڵدەبژێرین بۆ سەردانەکە کە بۆ هەردولا گونجاو بێت- ئەگەر لەگەڵ تۆ کاتێکمان ڕێکخستبێت بۆ سەردان، وە بەهۆیەکی پێشبینی نەکراوەوە نەتوانین ئامادەبین ئێمە پەیوەندیت پێوە دەکەین بۆ ئەوەی بزانیت نایەین؛
- لە دەرەوەی کاتی دەوام سەردانت بکەین ئەگەر هەلومەرجی تایبەت لە ئارادا بێت؛
- کاتێک کە دێین بۆلات ناسنامەکەمان پێبێت و نیشانت بدەین؛
- شتەکان بە ڕوونی باس بکەین وە هیچ 'تویکڵ' و ناڕوونییەکی تێدانەبێت وە بە ئاسانی تێبیگەیت؛
- یارمەتیت بدەین بۆ ئەوەی کارێکی ئەوتۆ بکەیت یەکێکت لەگەڵ بێت؛ ئەمە دەکرێت هاوڕێیەک یان خزمێکت بێت بۆ ئەوەی یارمەتیت بدات و پشتگیریت بکات یان وەرگێرانت بۆ بکات کاتێک کە ئینگلیزی زمانی یەکەمی تۆ نەبێت؛
- کارتێکت بۆ بەجێبهێڵین وە پێتبڵێین چۆن پەیوەندیمان پێوە دەکەییت بۆ سازدانی دیدارێکی تر ئەگەر کاتێک دێین لەماڵەوە نەبیت؛ وە
- سیتسمێکی سەفەری تایبەت بە کێشەی بیستن (induction loop) لەگەڵ خۆمان دەهێنین بۆ ئەو کەسانەی کە ئێمە دەزانین کێشەی بیستنیان هەیە.

## لە بنکەیەکی زانیاری خزمەتگوزاری

بۆ ئەوەی بەشێوەی ئەلەکترۆنی پەیوەندیمان پێوەبکەیت دەتوانیت یەکێک لە بنکەکانی زانیاری خزمەتگوزاری بەکاربهێنیت. لیستی شوێنەکانیان لە لاپەڕە 21 دا نیشان دراوە.

کاتێک یەکێک لە بنکەکانی زانیاری خزمەتگوزاری ئێمە بەکاردەهێنیت دەتوانیت دەستت ڕابگات بە هەموو خزمەتگوزارییەکانی WDH یان لەڕێگای تەلەفونی خۆڕاییەوە یاخود بەبەکارهێنانی مۆنیتەرێک کە بە پەنجەلێدان کاردەکات بۆ ئەوەی دەستت بە ماڵپەڕەکەمان ڕابگات.

هەروەها لە بنکەی زانیاری خزمەتگوزاری زنجیرەیەک وەرەقەی زانیاری و بڵاڤوک دابین کراون.

بنکەکانی زانیاری خزمەتگوزاری لەناو بنکە کۆمەڵایەتییەکاندان. کارمەندانی بنکەکان ڕاهێنانیان پێکراوە وە یارمەتیت بۆ دابین دەکەن ئەگەر دوچاری هەر ئاستەنگییەک ببیتەوە.

## لەڕێگای ئینتەرنێتەوە

دەتوانیت لەڕێگای ماڵپەڕەکەمانەوە پەیوەندیمان پێوەبکەیت www.wdh.co.uk لەسەر لینکی فیدباک ‘feedback’ وە یەکێک لەمانەی لای خوارەوە هەڵبژێریت.

- پرسیاری گشتی General enquiries
  ئەگەر پرسیارێکی گشتیت هەبێت دەربارەی خزمەتگوزارییەکانمان.
- گازندە Complaints
  ئەگەر ڕازی نیت لە ئاستی خزمەتگوزارییەکانمان، کارێک کە ئێمە کردومانە یان کارێک کە نەمانتوانیوە بیکەین. ئێمە پێشوازی لە ڕەخنەکانتان دەکەین، چونکە یارمەتی ئێمە دەدەن گۆڕانکاری ئەنجام بدەین بۆ ئەوەی باشتر بتوانین خزمەتتان بکەین. ئێمە پەیمانمان داوە کە باشترین خزمەتگوزاری کە بکرێت بۆ کرێچییەکانمان و نیشتەجێکانمانی دابین بکەین لە وەیک فیڵد (Wakefield) و ناوچەکانی دەوروپشتیدا.
- ستایش کردن Compliments
  ئەگەر لەو باوەڕەدایت ئێمە کارەکانمان بەباشی ئەنجام دەدەین، یان ئەگەر لایەنێکی خزمەتگوزارییەکەمان هەیە کە تۆ بەتایبەت حەزت پێیەتی.
- بیروبۆچوونی ماڵپەڕ Website feedback
  ئەگەر حەز دەکەیت بیروبۆچوونی خۆتمان پێبڵێیت سەبارەت بە ماڵپەڕەکەمان. ئایا بە ئاسانی دەتوانیت شتەکان بدۆزیتەوە؟ ئایا هیچ شتێک هەیە کە سەرت لێتێک بدات؟ ئایا هەندێک زانیاری هەیە کە تۆ لەو باوەڕەدایت ئێمە لەبیرمان چووە؟
- ڕاگەیاندنی هەڵسوکەوتی دژە کۆمەڵ Reporting antisocial behaviour
  ئەگەر دەتەوێت هەڵسوکەوتی دژە کۆمەڵ یان بێزارکردن لە ناوچەکەتدا ڕابگەیەنیت. هەرچەند دەتوانیت زانیاری زیاتر بنوسە، بە بەروار، کات، وەسفی ڕوداوەکە وە هەر شتێکی ترەوە هەتا زیاتر زانیاریمان پێبڵێیت، بۆ ئێمە ئاسانتر دەبێت کە یارمەتیت بدەین.
- تێکەڵاوبوون و هاوئاهەنگی Engagement and partnerships
  ئەگەر دەتەوێت پەیوەندی بە تیمی تێکەڵاوبوونەوە بکەیت یان بیرۆکەیەکی نوێمان پێبڵێیت بۆ ڕۆژی ڕووبەڕووبوونەوەی کرێچیان لە داهاتودا.

کاتێک کە پەیوەندییەکەی تۆمان پێدەگات ئێمە بەگوێرەی ئەو خشتەی کاتەی کە لەم ڕاپۆرتەدا هاتووە مامەڵەی لەگەڵ دەکەین.

## بەردەوام ئاگادارکردنت

ئێمە لەوباوەڕەداین شتێکی گرنگە کە بەردەوام ئاگادارت بکەین دەربارەی ئەو خزمەتگوزاریانەی کە ئێمە بۆئێوەی دابین دەکەین وە چۆن پەرەی پێدەدەین. ئێمە ئەمە لەڕێگای زنجیرەیەک هۆکاری جیاوازەوە ئەنجام دەدەین بۆ ئەوەی لەوە دڵنیابینەوە کە ئەو زانیاریانەی ئێمە دابینی دەکەین مانادارە وە بە ئاسانی تێیدەگەن.

ئێمە لە هەموو زانیارییەکانماندا ڕاشکاوو ڕاستگۆ دەبین. ئێمە:

- هەواڵی WDH و گۆڤاری کرێچیەکانمان ساڵی سێ جار یان زیاتر دەنێرین ئەگەر شتی تایبەت هەبێت بمانەوێت پێتان بڵێین- ئەمەش زانیاری دەربارەی خزمەتگوزاری کێ لینک وە زانیاری لەسەر ئەو شوێنانەی کە کارکردن یان گەشەپێدان تێیاندا دەستپێدەکات دەگرێتە خۆ؛
- زنجیرەیەک زانیاری لە SAP یەکانماندا و لەسەر ماڵپەڕەکەمان، www.wdh.co.uk دابین دەکەین;
- ڕاپۆرتێکی ساڵانە ئامادە دەکەین لەسەر چۆنێتی بەرەوپێش چوونی کارەکانمان وە پوختەیەکی دەگەیەنین بە هەریەک لە کرێچیان و خاوەن لیزەکانمان؛

- زیادکردنی دەستڕاگەیشتن بە ماڵپەڕەکەمان لەڕێگای دابینکردنی هۆکاری کۆمپیوتەرەوە لە بەرنامەی ژیانی سەربەخۆ، ئاسانکارییە کۆمەڵگەییەکان وە گروپەکانی کرێچیان و نیشتەجێیاندا؛

مافی بەشداران و ڕاپۆرتی ساڵانەمان هەموو ساڵێک بڵاو دەکرێنەوە.

وەرزنامەی کرێچییەکانمان ساڵی سێجار بڵاو دەکرێتەوە.

- هەموو ساڵێک لە کۆتایی ئازاردا کارتێکی نوێی زانیاری کرێت بۆ دەنێرین، کە پێتدەڵێت دەبێت چەندە کرێ و وە هەر تێچوونێکی دیکەی خزمەتگوزاری بە ڕێژەی ئاویشەوە، دەبێت لە ماوەی ساڵی ماڵی نوێدا بدەیت وە هەفتەکانی 'کرێ نەدان' کەی دەبن. تۆ دەتوانیت ئەم کارتە بۆ دیاری کردنی ئەوە بەکاربهێنیت کە کەی پارەی کرێت داوە. ئەو کارتە وەکو پسوڵەی هیچ پارەیەک بەکارنایەت کە تۆ داوتە؛
- ساڵی سێجار ڕاپۆرتی کرێت بۆ دەنێرین کە نیشانت دەدات چەندەت کرێ لەسەر بووە، چەندەت داوە وە هەر بڕێک کە لەلات مابێت؛
- پێت دەڵێین چ یارمەتیەک دابین کراوە ئەگەر کرێکەت دوابکەوێت وە ئەو کردارانەی کە ئێمە دەیانگرینەبەر بۆ وەرگرتنەوەی قەرزەکانمان؛ وە
- هەموو ساڵێک لە مانگی ئازاردا نامەیەکت بۆ دەنێرین بۆ ئەوەی پێتبڵێین ئەو پارەیەی کە دواتر دەیدەیت چەند دەبێت ئەگەر بە شێوەی دایرێکت دێبت پارە بدەیت.

یارمەتی و ڕێنمایی لەسەر ماڵپەڕی تایبەتی کێشە ماڵییەکانمان دابین کراوە لەسەر **www.askted.org.uk**

هەموو کرێچییەکان ساڵی جارێک ئاگادارکردنەوەیەکی کرێ و کارتێکی زانیاری کرێیان بەدەست دەگات وە ڕاپۆرتی کرێشیان ساڵی سێ جار بەدەست دەگات.

ئەگەر تۆ خاوەن لیزیت یان کەسێکی کە خاوەنی خانووەکەیت و تێیشدا دادەنیشیت ئێمە:

- بەر لەوەی هەر باشترکردن یان چاککردنەوەیەک ئەنجام بدەین کە تێچوونەکەی لە 250 پاوەند زیاتر بێت و کاریگەری هەبێت لەسەر تێچوونی خزمەتگوزارییەکانت پەیوەندیت پێوەدەکەین-ئەمە هاوجووتە لەگەڵ پێداویستیە یاساییەکان؛
- کۆپی ئەو پسوڵانەت بۆ دابین دەکەین کە پشتگیری ئەو مەسەلەیە دەکەن لەگەڵ فەرمانی چاککردنەوەکان کاتێک کە تۆ داوایان بکەیت؛
- لە هەر پلانێکی دیکەی مەسرەف کردن لە ناوچەکەتدا ئاگادارت دەکەینەوە؛ وە
- هانت دەدەین کە ڕۆڵێکی چالاکانە بگێڕیت لە چاودێری کردنی ئەو ئاستانەی خزمەتگوزاری کە ئێمە دابینیان دەکەین، بەو خزمەتگوزاریانەوە کەلەلایەن کۆنتراکتچییەکانی چاککردنی زەوی و مەیدانەکانەوە دابین دەکرێن.

ئەگەر پلانی باشترکردنی خانووبەرەی ناوچەیەک دابنێین ئێمە:

- ڕاوێژت پێدەکەین وە بەشداریت پێدەکەین لە هەر کارێکدا کە نیازمان بێت ئەنجامی بدەین کە پێدەچێت کاریگەری هەبێت لەسەر ماڵەکەت؛ وە
- بەر لە هەر کارێکی نۆژەنکردنەوە یان بەرنامەی خانووبەرەی نوێ ڕاوێژی کۆمەڵگا ئەنجام دەدەین لەناو ناوچەی خۆجێیدا.

ئەگەر تۆ کرێچی یەکێک لە دوکانەکانمان بیت ئێمە:

- ڕاوێژت پێدەکەین و بەشدارت دەکەین لە هەر کارێک یان پێشنیارێکدا کە پێدەچێت کاریگەری هەبێت لەسەر کاسبییەکەت.

## له خزمەتگوزارییەکەدا بەشدارت دەکەین

WDH پەیمانی داوە کە بوار بدات بە هەموو ئەوانەی کە خزمەتگوزارییەکانمان بەکاردەهێنن کە بیروڕای خۆیان دەرببڕن وە بەشداری بکەن. ئێمە بەردەوام بەدوای ئەوەدا دەگەڕێین کە چۆن بتوانین پەرە بەو ڕێگایە بدەین کە بەهۆیەوە ڕاوێژ بە خەڵک دەکەین وە بەشداریان دەکەین بەبەکارهێنانی ڕێبازی نوێ بۆ زیاتر جەماوەری کردنی ئەو ڕوداوانە.

زنجیرەیەک بوار هەیە بۆ بەشداران بۆ ئەوەی بەشداری بکەن لەوانە:

- بواری ئەوەت بدەینێ کە داواکاری پێشکەش بکەیت بۆ ئەوەی ببیتە ئەندامی لیژنەی WDH یان ببیت بە LMC؛
- وەڵام دانەوە بە ڕوپێوی ساڵانەی کرێچیان و خاوەن لیزەکانمان؛
- سازدانی ڕوداوی بەشداری کردنی خۆجێی بۆ تاکەکەسەکان بۆ گفتوگۆکردن لەسەر کێشە خۆجێییەکان لەگەڵ ئەندامانی LMC؛
- ڕێکخستنی گروپی چاوپێداخشاندنەوەی خزمەتگوزاری کە بوارت دەداتێ بۆ بەشداری کردن لە چاوپێداخشاندنەوەی ڕێساکان، ڕێوشوێنەکان وە خزمەتگوزارییەکانی WDH دا؛
- سازدانی ڕۆژی ڕووبەڕووبوونەوەی کرێچیان وە بۆنەی دیکە بۆ ڕاوێژکردن لەسەر هەر گۆڕانکارییەکی پێشنیارکراو بۆ خزمەتگوزارییەکان وە بۆ ئەوەی یارمەتی ئێمە بدات بۆ ئەوەی بەردەوام ئەو خزمەتگوزاریانەی ئێستامان پەرە پێبدەین؛
- هەموو ساڵێک کۆڕێکی گفتوگۆی خاوەن لیزەکان ساز بدەین؛
- بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیای نوێ وەکو هۆکارێکی ڕاوێژکردن و بەشداری پێکردن بۆ ئەوەی بواری زیاترت بۆ برەخسێنێت بۆ ئەوەی بیروڕای خۆت دەرببڕیت؛ وە
- سازدانی بۆنەیەکی یەکجارەی گفتوگۆی ڕووبەڕوو.

کاتێک کە بۆنە ساز دەدەین ئێمە:

- هەر کاتێک بکرێت لەوە دڵنیادەبینەوە کە ئەو شوێنەی کە ئەو بۆنەیەی لێ سازدەکرێت گونجاوە بۆ ئەو کەسانەی کە کێشەی هاتوچۆیان هەیە وە خواردن بۆ هەلومەرجی تایبەت ئامادە کراوە؛ وە
- لە هەر ئەنجامێکی ڕاوێژەکان ئاگادارتان دەکەینەوە.

هەموو ساڵێک کۆڕێکی گفتوگۆی خاوەن لیزەکان ساز دەکرێت.

ئێمە یارمەتی و ڕێنمایی بۆ گروپەکانی کرێچی و نیشتەجێکانمان دابین دەکەین، بەگوێرەی ڕێکەوتنامەی هاوئاهەنگی نێوانمان. ئەمەش ئەمانە دەگرێتەوە:

- پارەی یارمەتی دەست بەکاربوون؛
- یارمەتی بۆ هۆکاری چاپکردن؛ وە
- ڕێنمایی یاسایی، ماڵی وە هی تر.

زانیاری زیاتر لەسەر ماڵپەڕەکەمان دابین کراوە www.wdh.co.uk یان بە تەلەفون کردن بۆ تیمی بەشداریکردن بە ژمارە 01977724668.

## گازەندە کردن

WDH هەموو هەوڵێکی دەخاتە گەڕ بۆ ئەوەی یەکمجار شتەکان بەڕێکوپێکی ئەنجام بدرێن. لە کاتێکدا کە ئێمە بە هەڵە ئەنجامیان بدەین یان تۆ بەو خزمەتگوزارییەی کە دابین کراوە خۆشحاڵ نەبیت، ئێمە ڕێوشوێنێکی ڕوونی سێ قۆناغەی گازەندەمان هەیە. ئەگەر پێویستیت بە یارمەتییە بۆ ئەوەی گازندەیەک بکەیت کارمەندەکانمان هەر یارمەتیەکت پێویست بێت بۆت پێشنیاز دەکەن.

لە سەرتاسەری ئەم پرۆسەیەدا ئێمە:

- ئەگەر هەڵەیەکمان کردبێت یەکسەر داوای لێبوردن دەکەین؛
- بە تێروتەسەلی لە گازەندەکەت دەپێچینەوە؛
- لە هەموو کاتێکدا لە گۆڕانکارییەکان ئاگادارت دەکەینەوە؛
- زنجیرەیەک هەڵبژێر ڕەچاودەکەین بۆ چارەسەرکردنی گازەندەکەت؛
- گازەندەکەت وەکو بوارێک ڕەچاو دەکەین بۆ فێربوون وە بۆ باشترکردنی خزمەتگوزارییەکان لە داهاتودا؛ وە
- لەوە دڵنیا دەبینەوە کە هەموو کاتێک نهێنی پارێزراوە بەگوێرەی یاسای پاراستنی داتای ساڵی 1998.

> هەموو گازەندە فەرمیەکان لەم ماوانەی لای خوارەوەدا لێیان دەپێچرێتەوە:
>
> - 10 ڕۆژی کارکردن بۆ قۆناغی 1؛
> - 15 ڕۆژی کارکردن بۆ قۆناغی 2؛ وە
> - 30 ڕۆژی کارکردن بۆ قۆناغی 3؛

## دۆزینەوەی ماڵ

ئاواتمان ئەوەیە کە ڕیکلام بۆ هەموو ئەو خانوانە بکەین کە بەدەستمانەوەن لە ڕێگای هۆم سێرچەوە کە بەرنامەی بەکرێدانی بەگوێرەی ویستی ئێمەیە. ئەمەش ڕێگا بە تاکەکەسەکان دەدات کە هەڵبژاردنی هوشیارانە ئەنجام بدەن دەربارەی ئەو شوێنەی کە دەیانەوێت لێی بژین.

### داواکارینامە گشتییەکان

بۆ بەدەستهێنانی ئەوە ئێمە:

- لە SAP بیەکانمان فۆرمی داواکارینامەکان دابین دەکەین؛ هەروەها دەتوانیت داوای ئەوەی بکەیت کە فۆرمێکت بە پۆستدا بۆبنێرن بە تەلەفون کردن بۆ وان کۆڵ بە ژمارە 08458507507، هۆم سێرچ بە ژمارە 08449020202 یان لەڕێگای ماڵپەڕەکەمانەوە www.wdhomesearch.co.uk
- بواری ئەوەت دەدەینێ کە لەڕێگای ماڵپەڕەکەمانەوە داواکارینامە پێشکەش بکەیت، www.wdhomesearch.co.uk
- دابینکردنی یارمەتی و ڕێنمایی تاکەکەسی بۆ پڕکردنەوەی فۆرمەکە کاتێک داوای دەکەیت؛
- تۆمارکردنی ناوت لە بەرنامەی هۆم سێرچدا لە ماوەی سێ ڕۆژدا دوای ئەوەی کە هەموو زانیارییە پێویستەکانمان بەدەست گەیشت؛
- نامە نوسین بۆت وە ئاگادار کردنەوەت لە ژمارەی ئەندامێتی و باندەکەت؛
- بڵاوکردنەوەی شوێندانانەکانی هەفتەی ڕابوردوو بۆ ئەوەی بزانیت ئەندامەکان چەندە چاوەڕوانیان کردووە بۆ خانوو وەرگرتن؛
- دوای شەش مانگ پەیوەندیت پێوەدەکەینەوە ئەگەر ئارەزوی خۆتت دەرنەبڕیبێت بۆ یەکێک لە خانووەکانمان لەو ماوەیەدا بۆ ئەوەی بزانین یارمەتیت پێویستە بۆ دەربڕینی ئارەزووت؛
- سڕینەوەی ئەندامێتیت لە بەرنامەکەدا ئەگەر دوای شەش مانگ هیچ ئارەزوویەکت دەرنەبڕی وە وەڵامی نامەکەمانت نەدایەوە؛
- هەموو خانووەکانی WDH کە ئامادەن بۆ نیشتەجێکردنەوە بهێنینە ئاستی قبوڵکراوی بەکرێدان بەر لەوەی کە ڕیکلامیان بۆ بکرێت؛ وە
- ڕیکلام کردن بۆ هەموو ئەو خانوانەی ئێمە کە ئێستا ئامادەن لە ڕۆژنامە خۆجێییەکاندا، وە لەسەر ماڵپەڕەکەمان www.wdhomesearch.co.uk

ئەو ماوەیەی کە دەتوانیت ئارەزوی خۆت بۆ خانوویەک دەرببڕیت لە ئێوارانی چوارشەممەدا دادەخرێت.

> هەموو داواکارینامەکانی هۆم سێرچ لەماوەی سێ ڕۆژدا تۆمار دەکرێن.
>
> هەموو دەرەنجامەکان هەفتانە بڵاودەکرێنەوە.

# پرۆسەی واژۆکردن

ئەگەر لە شوێنبۆدانانی خۆت بۆ خانویەک سەرکەوتوو بوویت ئێمە:

- بواری ئەوەت بۆ پێشنیاز دەکەین کە بیبینیت؛
- ڕێنماییت دەکەین دەربارەی ئەو ئاستانەی کە بەگوێرەی ئەوانە خانووەکە دەدرێت بەکرێ؛
- زانیاریت بدەینێ دەربارەی هەر کارێک کە هێشتا نەکراوە لە خانووەکەدا وە وەلامی هەر پرسیارێکی تر بدەینەوە کە پێدەچێت تۆ هەتبێت؛ وە
- پێت دەڵێین شتەکان چۆن کاردەکەن وەکو گەرمی ناوەندی، قفڵی ئاو لەکوێیە وە میتەری گازو کارەبا لە کوێیە وە قفڵی کوژاندنەوەیان لە کوێیە.

ئێمە هەروەها لێتدەپرسن کە بە چ شێوازێک دەتەوێت زانیاری دەربارەی کرێچێتییەکەت بەدەست بگات. ئەمەش ئەمانە دەگرێتەوە:

- سی دی
- ئینتەرنێت؛ وە
- کۆپی چاپ کراو.

ئێمە هەوڵ دەدەین یارمەتیت بدەین ئەگەر پێداویستیەکی تایبەت هەبێت بەهۆی کەمئەندامی یان بەربەستی زمانەوە.

ئەگەر خانووەکە قبوڵ بکەیت ئێمە پێشنیازێکی فەرمیت بە نوسین پێشکەش دەکەین. ئەمەش زانیاری کرێ و هەر تێچونێکی دیکە وە هەروەها بەرواری دەستپێکردنی کرێچێتییەکە دەگرێتەوە.

ئەگەر تۆ پێشنیازەکە قبوڵ بکەیت ئێمە دیدارێک بۆتۆ ساز دەدەین بۆ واژۆکردنی پەیوەستەی کرێچێتی وە پرکردنەوەی هەر بەڵگەنامەیەکی تر کە پێدەچێت پێویست بن.

کاتێک کە دێیت بۆ واژۆکردنی ڕێکەوتننامەی کرێچێتییەکە ئێمە هەروەها ئەوە پشتڕاست دەکەینەوە:

- تۆ کێیت

ئەمەش پشکنینی ئەو بەڵگەنامانە دەگرێتەوە کە تۆ دابینت کردوون کاتێک کە داواکاریناماەت پێشکەش کردووە کە ببێت بە ئەندامی هۆم سێرچ وە گرتنی وێنەی هەموو ئەوانەی کە پەیوەستەی کرێچێتییەکە واژۆ دەکەن. ئەمانە دەپارێزرێن وە بۆ مەبەستەی بەرگرتن لە تەزویرکردنی کرێچێتی زیاتر لە پاشەڕۆژدا بەکاردێن.

- هەر کێشەیەکی شێوازی ژیان

شتێکی گرنگە کە پشتگیری گونجاو لە سەرەتای کرێچێتییەکەتەوە دابین بکرێت. بۆ ئەوەی بتوانین پێداویستییەکانت بۆ دابین بکەین ئێمە هەندێک پرسیاری سادەت لێدەکەین دەربارەی هەر:

- کێشەیەکی تەندروستی؛
- نیگەرانی ماڵیی؛
- بواری ڕاهێنان و کارکردن؛ وە
- پشتگیری و گەشەکردنی کەسانی گەنج لە ماڵەکەتدا.

- هەر یارمەتییەک کە پێویست بێت بۆ پەرەپێدانی پشتبەخۆبەستنت

پێشنیازکردنی ڕێنمایی دەربارەی خزمەتگوزاری کێ لینک ئەگەر هەوڵی پشتبەخۆبەستنی زیاتر بدەیت لە ماڵەکەتدا.
ئێمە ئەمانەت بۆ دابین دەکەین:

- کۆپییەکی نامیلکەی کرێچیی، کە بواری هەڵبژاردنی چەند شێوازێکی هەیە، کە پێتدەڵێت WDH چی لەتۆ چاوەڕوانی دەکات لەگەڵ کۆمەڵێک ڕێنمایی بەسوود بۆ ئەوەی یارمەتیت بدەن لە کرێچێتییەکەتدا.

بەرلەوەی داوات لێبکەین کە پەیوەستەی کرێچێتییەکەت واژۆ بکەیت ئێمە مافەکان و بەرپرسیارێتییەکانت بۆ ڕوون دەکەینەوە. ئەگەر هەر پرسیارێکت هەبێت ئێمە یارمەتیت دەدەین.

کاتێک کە پەیوەستەی کرێچێتییەکەتت واژۆ کرد ئیتر دەبیت بە کرێچی ماڵە نوێکەت.

ئێمە دوای ئەوە داوات لێدەکەین کە زنجیرەیەک بەڵگەنامەی دیکە پربکەیتەوە و واژۆیان بکەیت بە

داوکارینامەی دایرێکت دێبتەوە بۆ کرێدان،
داواکارینامەی دەستگیرۆیی خانووبەرە ئەگەر بگونجێت
وە فۆرمەکانی ڕەزامەندی بۆ ئەوەی ڕێگامان بدەن لە
داواکارینامەیدا پشتگیریت بکەین. ئەمانە هەر
بەڵگەنامەیەکی تر کە داوات لێدەکرێت پڕیان بکەیتەوە
واژۆیان بکەیت لە نامیلکەی 'بەخێربێیت بۆ ماڵە
نوێکەت' دا ڕوونکراوەتەوە.

ئێمە هەروەها ڕێوشوێن ساز دەدەین بۆ کارمەندێکی
خانووبەرە بۆ ئەوەی لەماوەی 20 ڕۆژدا لە
دەستپێکردنی کرێچێتییەکەتەوە لە ماڵە نوێکەتدا
سەردانت بکات.

ئەم سەردانە سەرەتاییە بواری ئەوە دەدات بە تۆش و
بە ئێمەش کە لەسەر هەر کێشەیەک کە پەیوەندی بە
کرێچێتییەکەتەوە هەبێت گفتوگۆ بکەین.

> هەموو کرێچییە نوێکان دوای ئەوەی کە بۆ
> ماوەی 20 ڕۆژ بوون بە کرێچی سەردانیان
> دەکرێت و دوای ئەوەش سێ جاری دیکە لە
> ماوەی ساڵی یەکەمدا.

## گواستنەوە بۆ ماڵێکی دیکە

پێدەچێت حەز بکەیت بگوێزیتەوە بۆ ماڵێکی جیاواز.
دەتوانیت بە دوو شێوەی جیاواز ئەو کارە بکەیت.

- داواکارینامە پێشکەش بکە بۆ ئەوەی ببیت بە ئەندامی بەرنامەی هۆم سێرچی ئێمە، ئەم پرۆسەیە لە لاپەڕە 10 دا ڕوونکراوەتەوە.
- داواکارینامە پێشکەش بکە بۆ گواستنەوە لەڕێگای گۆڕینەوەوە. تکایە لە هەر کام لە SAP ییەکاندا بپرسە چونکە ئەوان تۆماری ئەو کەسانەیان لەلایە کە حەز دەکەن بە گۆڕینەوەی خانووەکانیان بۆ ئەوەی بزانیت هەلێکی گونجاو هەیە. کاتێک کەسێکی گونجاوت دۆزییەوە تکایە بەڵگەنامە گونجاوەکان پڕبکەرەوە و بیانگێڕەرەوە بۆ ئێمە وە ئێمە بڕیاری خۆمانت لەماوەی 42 ڕۆژدا پێڕادەگەیەنین.

> دەرەنجامی هەموو داواکارینامەکان بۆ
> گواستنەوە لەڕێگای گۆڕینەوەوە لە ماوەی 42
> ڕۆژدا لە کاتی بەدەستگەیشتنی داواکارییەکەوە
> دەردەچن.

# مەسەلەی پارە

## پارەی کرێ دان و هەر تێچوونێکی دیکەی خزمەتگوزاری

بۆ ئەوەی هەتا دەکرێت مەسەلەکە ئاسان تر
بکەین ئێمە دەتوانین دایرێکت دێبت ڕاستەوخۆ لە
بانکەکەتەوە ڕێکبخەین. ئەمە دەکرێت یان بە
شێوەی مانگانە، هەر دووهەفتە جارێک یان
لەسەر بناغەی هەفتانە ڕێکبخرێت.

ئەگەر حساب بانکیت نییە ئێمە دەتوانین لەڕێگای
هاوئاهەنگی خۆمانەوە لەگەڵ وایت ڕۆز کرێدیت
یونیین (White Rose Credit Union)
حسابێکت بۆ بکەینەوە.

### بەبەکارهێنانی کرێدیت یان دێبت کارتەکەت دەتوانیت پارەکە بدەیت:

- بە تەلەفون کردن بۆ خزمەتگوزاری وان کۆڵ 24 کاژێر لە ڕۆژدا، هەموو ڕۆژەکانی هەفتە بە ژمارە 08458507507؛
- لە ڕێگای ماڵپەڕەکەمانەوە لە www.wdh.co.uk؛ وە
- بەبەکارهێنانی بانکی تەلەفونی لە ڕێگای بانکەکەی خۆتەوە.

### بەبەکارهێنانی کارتی کرێدانی لێخشاندن ( swipe card) دەتوانیت پارە بدەیت:

- بە شێوەی کاش، چەک یان دێبت کارت لە هەر پۆست ئۆفیسێک بێت؛
- بە کاش یان دێبت کارت لە هەر دوکانێک کە ئارمی پەی زۆن (PayPoint) ی هەڵواسیبێت؛ وە
- بە شێوەی کاش لە زۆربەی SAP ییەکانمان؛

- به چەک یان بە دێبیت یان کریدت کارت لە هەموو SAP ییەکانمان.

ئەگەر دوامان لێبکەیت کە سەیری کرێکەت بکەین ئێمە پێت دەڵێین:

- چۆن کرێکەت دیاری کراوە؛
- چەندە کرێت داوە؛ وە
- چەندت لەلا ماوە.

ئەگەر کرێت زۆر دابێت، ئێمە لەماوەی 10 ڕۆژی کارکردندا لەو کاتەوە کە بۆمان دەسەلمێت پارەکەت بۆ دەگێرینەوە یاخود دەیخەینە بری هەر کرێیەکی پێشتر کە لەلات مابێت یان قەرزێک کە لەلات مابێت.

هەر پارەیەکی زیادە کە درابێت و لەسەری کۆک بین لە ماوەی 10 ڕۆژی کارکردندا دەگێڕرێتەوە.

دەتوانیت کۆپییەکی ڕاپۆرتی کرێکەت داوا بکەیت بۆ ئەوەی بۆت بنێرین بە تەلەفون کردن بۆ وان کۆڵ. هەروەها دەتوانیت ڕاپۆرتەکە لە هەرکام لە SAP ییەکانمان وەربگریت ئەگەر بەڵگەنامەی ناسنامەت پێبێ، بە پێچەوانەوە ئێمە لە ماوەی یەک ڕۆژی کارکردندا بە پۆستدا بۆت دەنێرین.

## ڕێکخستنی پارە

WDH وەها لە تۆ چاوەڕوانی دەکات کە ئەو کرێیە بدەیت کە بۆ ئەو خانووە دانراوە کە تێیدا دەژیت. بێجگە لە کرێ خانوو، وەهات لێچاوەڕوان دەکرێت کە هەر تێچونێکی خزمەتگوزاری هەبێت بیدەیت، پارەی ئاو یان هەر بڕێکی تر، کە لەسەر کارتی زانیاری کرێکەت نیشان دراون.

ئێمە کاردەکەین بۆ کەمکردنەوەی سەختی باری مالّیی بە پەرەپێدانی کریدتی جێگرەوەی هەرزان، دڵنیایی کەلوپەلی ناوماڵی گونجاو وە خزمەتگوزاری ماڵی دیکە وەکو حساب بانکی سەرەتایی وە کرێدیت یونۆنەکان. ئەم خزمەتگوزاریانە لەڕێگای ئەو وانانەی 'مەسەلە ماڵییەکان' وەوە کە بە فراوانی ڕیکلامیان بۆکراوە پەرەیان پێدەدرێت کە لە SAP ییەکانمان و لە شوێنە گونجاوەکانی تر پێشکەش دەکرێن.

ئێمە هەوڵ دەدەین بۆ دۆزینەوەی جێگرەوە بۆ ئەوانەی کە قەرز بە گران دەدەن بە خەڵک، بە لۆن شارک (loan shark) مکان و ئەوانەی دیکە کە ماڵەو ماڵ دەگەڕێن بۆ دانی قەرز وە ئامانجیان ناوچەکانی ئێمەیە.

ئەگەر کێشەت هەبێت بۆ کرێ دان ئێمە:

- پارمەتیت دەدەین بە ئەنجامدانی هەڵسەنگاندنێکی ماڵیی بۆ ئەوەی لەوە دڵنیابینەوە کە ئەوپەڕی سوود لە داهاتەکەت وەردەگریت وە بڕی تەواوی ئەو دەستگیرۆییانە وەردەگریت کە شیاویانیت؛
- لەسەر هەموو ڕێبازە جێگرەوەکانی پارەدان ڕێنماییت دەکەین؛
- لەوە دڵنیا دەبینەوە کە بڕی تەواوی کرێ دەدەیت؛
- پارمەتیت دەدەین بۆ داواکردنی دەستگیرۆیی خانووبەرە و کاونسڵ تاکس؛
- ئەو ڕێگایانە دەپشکنین کە بەهۆیانەوە بتوانیت پارە سەرفکردنت کەم بکەیتەوە؛ وە
- لەسەر ڕەزامەندی خۆت، ڕەوانەت دەکەین بۆلای دەزگایەکی گونجاو یان خزمەتگوزارییەک بۆ ئەوەی بتوانن پشتگیری زیاترت بۆ ڕێکبخەن وە بزانن ئایا شیاوی پارەی پارمەتی کاتی تەنگانەیت.

ئەگەر کرێکەت دواکەوتبێت ئێمە:

- بە چەندەها شێوە پەیوەندیت پێوەدەکەین وەکو نامە، تەلەفون، کورتە نامە (تێکست) یان سەردانی ماڵەوە؛
- ڕێنماییت دەکەین کە چەندت کرێ لەلایە وە نیازمان وەهایە چ کردارێک بگرینە بەر؛
- ئاستی گونجاوی پشتگیری و ڕینوێنیت لە سەرتاسەری پرۆسەکەدا بۆ دابین بکەین؛
- بە شێوەیەکی جوان و لەبار مامەڵەت لەگەڵ دەکەین؛

- ڕەچاوی ئەوە دەکەین کە دیدارێکت بۆ ساز بدەین بۆ ئامادەبوون لە چاوپێکەوتنێکی فەرمانگەدا بۆ گفتوگۆکردن لەسەر هەر پارەیەکی کرێی دواکەوتوو وە ئەو کێشانەی کە تۆ دوچاریان بوویت؛
- کاتێک لەسەر پارەدان بە قیست ڕێککەوتین، بەردەوام چاودێری ئەو برە پارانە دەکەین کە دەدرێن وە چاویان پێدادەخشێنینەوە؛
- بە چەندەها دەزگای ڕێنمایی قەرزو کاونسلێنگ دەناسێنین لە ناوچەکەدا؛ وە
- لەگەڵ دەزگای تایبەتمەندی دایکوباوکایەتی بەشدارت دەکەین بۆ ئەوەی هەوڵ بدەین وە لەوە دڵنیابینەوە کە لەسەر کرێچێتییەکەت بەردەوام دەبیت.

ئەگەر کرداری یاسایی پێویست بێت بۆ وەرگرتنەوەی قەرزەکە ئەوا لەوانەیە ماڵەکەت لەدەست بدەیت. تێچوونی ئەنجامدانی ئەم کردارەش دەچێتە سەر حسابی قەرزەکەت.

ئێمە بەردەوام دەبین لە وەرگرتنەوەی قەرزەکە تەنانەت ئەگەر تۆ خانووەکە بەجێبهێڵیت یان دەربکرێیت. ئەمە پێدەچێت دەستنیشان کردنی کۆمپانیای دەرەکی کۆکردنەوەی قەرزیش بگرێتەوە.

## چاودێری کردنی ماڵەکەت و ژینگەکەت

### خزمەتگوزاری چاککردنەوەکانمان

ئێمە ماڵێکت بۆ دابین دەکەین کە بەڕێکوپێکی ڕابگیرێت و چاکبکرێتەوە. هەرکات بگونجێت، ئێمە هەوڵ دەدەین ئەو چاککردنەوانەی کە تۆ داوایان دەکەیت لە یەکەم سەردانماندا بۆ ماڵەکەت تەواویان بکەین وە لە ڕۆژو کاتێکی گونجاویشدا.

بۆ ئەوەی یارمەتیمان بدەیت ماڵەکەت بەباشی ڕابگرین ئێمە نامیلکەیەکی چاککردنەوەت بۆ دابین دەکەین.

تۆ دەتوانیت ئەوە بۆ دەستنیشان کردنیکی تێروتەسەلی ئەو کارانە بەکاربهێنیت کە پێویستن کاتێک چاککردنەوەیەک ڕادەگەیەنیت.

تۆ دەتوانیت داوای چاککردنەوە بکەیت؛

- 24 کاژێر لە ڕۆژێکدا، هەموو ڕۆژەکانی هەفتە لە ڕێگای خزمەتگوزاری وان کۆڵەوە (08458507507)؛
- لە یەکێک لە SAP پیەکانمان؛ وە
- لەسەر ئینتەرنێت لەسەر ماڵپەڕی www.wdh.co.uk

کاتێک داوای چاککردنەوەیەک دەکەیت ئێمە:

- پێت دەڵێین بە شێوەیەکی نزیکیی کە دەبێت چەندە چاوەڕوانی بکەیت بۆ ئەوەی چاککردنەوەکە تەواو بکرێت؛
- بەو ژمارە تەلەفونەی کە داوتە پێمان پەیوەندیت پێوەبکەین، بۆ ئەوەی لێت بپرسین کە چ کاتێک گونجاوە بۆ ئێمە کە کارەکە ئەنجام بدەین؛
- ئەگەر کوتوپڕی بێت لەماوەی 24 کاژێردا چاککردنەوەکە تەواو بکەین؛ وە
- هەموو داواکارییەکی دیکەی چاککردنەوە لە ماوەیەکی میانەی 10 ڕۆژی کارکردندا تەواو بکەین.

ئەگەر خزمەتگوزارییەکەت بەدڵ نەبوو دەتوانیت تەلەفون بکەیت بۆ وان کۆڵ بە ژمارە 08458507507 یان بێیت بۆ یەکێک لە SAP پیەکانمان یاخود دەتوانیت لەڕێگای ماڵپەڕەکەمانەوە ڕایبگەیەنیت لە www.wdh.co.uk

ئێمە ئەم ڕێگاچارانەی لای خوارەوە بۆ هەموو ئەو کێشانەی کە تۆ پێدەچێت بیانخەیتە ڕوو پێشنیاز دەکەین بەوەی:

- یەکسەر بکەوینەکار بۆ ئەوەی کێشەکەت بۆچارەسەر بکەین هەر کاتێک بتوانین؛
- دیدارێک ساز بدەین ئەگەر بتوانرێت هەتا ڕۆژی کارکردنی داهاتوو چاوەڕوانی بکەین؛ وە
- ئەوە ساز بدەین کە سەرۆکی تیمێک لەماوەی سێ ڕۆژی کارکردندا سەردانت بکات ئەگەر خزمەتگوزاری چاککردنەوەکەمانت بەدڵ

نەبێت- ئێمە لەماوەی 10 ڕۆژی کاردندا لە دەرەنجامی سەردانەکەیان ئاگادارت دەکەینەوە.

هەموو چاککردنەوەکان لەم ماوانەی لای خوارەوەدا تەواو دەکرێن:
- 24 کاژێر بۆ کوتوپڕی؛
- ڕێژەی 10 ڕۆژ بۆ چاککردنەوەی ڕۆتینی.

هەموو چاککردنەوەکان لە یەکەم جاردا بە باشی تەواو دەکرێن.

## خزمەتگوزاری گاز

ئێمە هەر 12 مانگ جارێک خزمەتگوزاری دامەزراوەی گاز لە ماڵەکەتدا ئەنجام دەدەین. وەکو خاوەن موڵکی تۆ ئێمە ئەرکێکی یاساییمان لەسەر شانە بۆ ئەوەی ئەو کارە ئەنجام بدەین.

ئێمە بەر لە سەردانەکەمان پەیوەندیت پێوەدەکەین وە کاتێکی گونجاو ساز دەدەین بۆ خزمەتگوزاری ساڵانە.

WDH ئەندامێکی فەرمی 'گازی سەلامەت' (**Gas Safe'**) ە. ئەمە دامەزراوەیەکی نیشتمانییە کە هەموو ئەو کارانە دەبات بەڕێوە کە لە پیشەسازی گازدا ئەنجام دەدرێن.

هەموو دامەزراوەکانی گەرمکردن بە گاز هەموو ساڵێک دەبێت خزمەتگوزارییان بۆ بکرێت.

## چاودێری کردنی ژینگە

ئێمە خەبات دەکەین بۆ ئەوەی لەوە دڵنیابینەوە کە زنجیرەیەک کردار دەگرینە بەر بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کێشە ژینگەییەکان کە کاریگەریان هەیە لەسەر ڕوخساری خانووبەرەکانمان بە زووترین کاتی گونجاو تەنانەت ئەگەر زەوییەکەش موڵکی ئێمە نەبێت.

ئێمە هیواداریین ژینگەیەک دروست بکەین کە پاک و پوختەیە. بۆ بەدەستهێنانی ئەوە ئێمە:

- بە بەردەوامی هەموو باخچەکان و زەوییەکان دەپشکنین وە کرداری گونجاو پیادە دەکەین؛ ئەگەر کێشەت هەیە بۆ پاکوپوختە ڕاگرتنی باخچەکەت پێدەچێت بتوانین یارمەتیت بدەین؛
- دابین کردنی تیمەکانی کاریگەری لەسەر خانووبەرەکان بۆ ئەوەی لەوە دڵنیابینەوە خانووبەرەکانمان بە پاکوخاوێنی ڕاگیراون؛
- دابین کردنی زنجیرەیەک خزمەتگوزاری سەرپەرشتی و پاککردنەوە بۆ ڕاگرتنی ناوچە گشتییەکان لە بینا چەند نهۆمییەکاندا بە پاکی؛
- ڕاگەیاندنی هەر ئۆتۆمۆبێلێکی بەجێهێڵراو دەستبەجێ بە کاونسڵی وەیک فیڵد وە داواکردنی لابردنیان؛
- سازدانی پێشبڕکێیەکی ساڵانەی باخچە بۆ هاندانی کرێچییەکان بۆ پاکوخاوێن ڕاگرتنی باخچەکانیان؛
- دووبارە شوشە تێکردنەوەی پەنجەرە شکاوەکان لە ماڵەکاندا وە تەنها لە کاتێکدا ڕێگای دیکە بەکاربهێنین کە نەتوانین ئەوە بکەین؛ وە
- پێشنیازکردنی 'پیاسە کردن لە خانووبەرەکاندا' بۆ ئەندامانی LMC وە گروپەکانی کرێچیان.

## گازەندەی هەڵسوکەوتی دژە کۆمەڵ و بێزار کردن

ئامانجی ئێمە ئەوەیە کە ژینگەیەکی پاک، سەلامەت وە ئاسایشت بۆ دابین بکەین کە بە شانازییەوە ناوی بنێیت ماڵ. ئەگەر دوچاری هەڵسوکەوتی دژە کۆمەڵ بویتەوە یان حەز دەکەیت گازەندەیەک پێشکەش بکەیت دەربارەی بێزار کردن ئێمە:

- خزمەتگوزارییەکی پشتگیری 24 کاژێر لە ڕۆژێکدا وە هەموو ڕۆژەکانی هەفتە پێشنیاز دەکەین لەگەڵ دەستراگەیشتن بە تیمی هەڵسوکەوتی دژە کۆمەڵی کاتی دوای دەوامی خۆمان لە ڕێگای وان کۆڵەوە بە ژمارە 08459507507؛
- یەکسەر کاردانەوەمان دەبێت، لە شوێنێکدا کە خۆت هەڵیدەبژێریت- ئەگەر گازەندەکەت مەترسیداربێت ئێمە پەیوەندی دەکەین بە پۆلیسی یۆرکشێری خۆرئاواوە بۆ ئەوەی ڕوداوەکەیان پێڕابگەیەنین ئەگەر پێویست بکات؛

- لە ماوەی 24 کاژێردا پەیوەندیت پێوە دەکەین بۆ ئەوەی لەسەر چەند کردارێک ڕێک بکەوین ئەگەر هەڕەشەیەکی دەستبەجێ لە ئارادا نەبێت؛
- لەگەڵ دەزگاکانی تر کار دەکەین بۆ ئەوەی لەوە دڵنیابینەوە کە کرداری ڕێکوپێک گیراوەتە بەر دژی ئەو کەسانەی کە سەرپێچی هەڵسوکەوتی دژە کۆمەڵ و بێزار کردن ئەنجام دەدەن؛
- هەموو سەردانەکان لە شوێنێکدا ساز دەدەین کە خۆت پێتخۆش بێت؛
- لە هەر بەرەوپێش چوونێک ئاگادارت دەکەینەوە کە ئەنجام دراوە بۆ چارەسەر کردنی گازندەکەت؛
- بەشدارکردنی هاوبەشەکانمان کە پشتگیری دابین دەکەن بۆ یارمەتیدانی کرێچییەکان و شاهیدەکان؛
- لێکۆڵینەوە لە هەموو ڕاگەیاندنەکانی ڕوداوی ڕق کە دەگەن بە SAP بیەکان لە ماوەی 24 کاژێردا؛ وە
- سڕینەوەی نوسینی سەردیواری نەژادپەرستانەو بریندارکارانە لە ماوەی 24 کاژێردا وە چاککردنەوەی هەر تێکوپێکشکاندنێکی موڵک و کەلوپەلی WDH بە زووترین کاتی گونجاو.

> هەموو ئەوانەی کە گازندەی هەڵسوکەوتی دژەکۆمەڵ پێشکەش دەکەن لە ماوەی 24 کاژێردا پەیوەندییان پێوە دەکرێت وە دوای ئەوە چاوپێداخشێنرێتەوە بۆ ئەوەی لەوە دڵنیابینەوە کە لە بەرەوپێشچوونی مەسەلەکە ئاگادار دەکرێنەوە.
>
> هەموو نوسینێکی سەردیواری نەژادپەرستانەو بریندارکارانە لەسەر ماڵەکانی WDH لە ماوەی 24 کاژێردا دەسڕێنەوە لەو کاتەوە کە ڕادەگەیەنرێن.

## سەلامەتی ئاگر

WDH گرنگی سەلامەتی ئاگر دەزانێت لە ماڵەکەتدا. بۆ کەمکردنەوەی مەترسی بۆ سەر خۆت یان هەر کەسێکی تر کە لە ماڵەکەتدا دەژی ئێمە:

- سازدانی پشکنینی سەلامەتی ئاگر لە ماڵەکەتدا؛ دەتوانرێت بە ژمارە تەلەفونی خۆرایی 24 کاژێرە پەیوەندی بکرێت بە خزمەتگوزاری ئاگرکوژاندنەوەی یۆرکشێری خۆرئاواوە بە ژمارە 08005874536- وێستگەی ئاگری خۆجێی لە ماوەی یەک هەفتەدا لە کاتی تەلەفون کردنەکەوە پەیوەندیت پێوەدەکەن بۆ سازدانی سەردانێک بۆ ماڵەکەت؛
- جێگیرکردنی ئاگادارکەرەوەی دوکەڵ لە هەموو ماڵەکاندا وە هێنانی بۆ 'ئاستی وەیک فیڵد'؛
- ئاگادارکردنەوەی هەموو نیشتەجێکانی بینا چەند نهۆمییەکان کە لەکاتی ئاگردا چی بکەیت وە چۆن بەری لێبگریت- هەموو کرێچییە نوێکان بلاڤۆکیان دەدرێتێ وە پۆستەر لە هاتنەناوەوەی هەموو نهۆمەکاندا بە ئاشکرایی نیشان دەدرێن؛ وە

> هەموو هۆکارەکانی سەلامەتی ئاگر لە بینا چەند نهۆمییەکاندا، بە دەرگای بەرگرتن لە ئاگر، لەوحەی ئاگاداری و دابەشکاری ئاو (dry riser) کانەوە، هەموو هەفتەیەک دەپشکنرێن.
>
> تاقیکردنەوەیەکی پشکنینی تەواو هەموو شەش مانگ جارێک بۆ دابەشکاری ئاوەکان ئەنجام دەدرێت.

- هەموو نیشتەجێکان لە بەرنامەی ژیانی سەربەخۆ ئاگادار دەکرێنەوە کە چی بکەن لە کاتی ئاگر کەوتنەوەدا وە چۆن بەری لێبگرن وە چۆڵکردنێکی مەشقی سەلامەتی ئاگر هەر شەش مانگ جارێک ئەنجام بدەن.

> چۆڵکردنێکی تەواوی مەشقی ئاگرکەوتنەوە هەر شەش مانگ جارێک بۆ هەر بەرنامەیەکی ژیانی سەربەخۆ ئەنجام دەدرێت.

# باشترکردنی ماڵەکەت

## باشترکردنی سەرەکی

ئێمە ئاگاداری ئەوەین کە کاتێک باشترکردنی سەرەکی ئەنجام دەدەین بۆ ماڵەکەت ئەوە دەبێتە هۆی سەرلێتێکدانی تۆ لە کاتێکدا کە کارەکە ئەنجام دەدرێت. بۆ ئەوەی ئەوەندەی دەکرێت ئەوە بۆ تۆ ئاسانتر بکەین، ئێمە:

- ماوەی 12 مانگت دەدەینێ بەر لەوەی کارەکە پێشبینی بکرێت وە لانی کەم سێ مانگ پێشتر

ئاگاداریت بدەینێ بەر لەوەی کارەکە دەست پێبکات؛

- بەشێوەی شەخسی پەیوەندیت پێوە دەکەین بۆ ئەوەی بتوانین بەگوێرەی هەر جۆرە پێداویستییەکی تایبەت کە هەتبێت کارەکان ئەنجام بدەین؛
- ماوەی هەڵبژاردنت بدەینێ بۆ چەسپاندن و دامەزراندنی شتی تایبەت وە لە هەندێک باردا بواری ئەوەت بدەینێ بۆ ئەوەی خۆت پارە بدەیت بۆ باشترکردنی هەندێک لایەن؛
- لەگەڵ تۆ گفتوگۆ لەسەر ڕێوشوێنی لەبار بکەین ئەگەر نەتوانیت لە ماڵەکەتدا بژیت لە کاتێکدا کە کارەکە ئەنجام دەدرێت وە ئەگەر پێویستیت بە حەوانەوە هەبێت لە کاتی ڕۆژدا؛ ئەمەش مەرجی تایبەت دەگرێتەخۆ بۆ خێزانەکان؛
- چاککردنەوەی هەر کارێکی خراپ ئەنجام دراو یان تێکشکانێک کە بەهۆی ئێمەوە ڕوویداوە لە ماوەی دوو ڕۆژی کارکردندا لەو کاتەوە کە تێبینی کراوە؛
- گفتوگۆکردن لەسەر خزمەتگوزاری دیکۆر و بۆیەکردن وە ئەو دەرماڵەیەی کە دابینکراوە دوای ئەوەی کارەکە تەواو بوو؛
- بەشدارکردنت لە پلاندانان بۆ هەر کارێکی ژینگەیی لە ناوچەکەتدا کە پەیوەندی بەو کارەوە هەیە کە لە ماڵەکەتدا ئەنجام دەدرێت؛ وە
- دوای ئەوەی کارەکە تەواو دەبێت سەردانت بکەین بۆ ئەوەی بزانین بەدڵتە؛ ئەگەر بەدڵت نەبێت ئێمە ئەوپەڕی هەوڵمان دەدەین کە چاکی بکەین وە ئێمە لە هەموو ئەو هەڵانەوە کە دەیکەین فێری شتی نوێ دەبین.

همموو کرێچییەکان 12 مانگ بەر لە کاتی کارەکە ئاگادار دەکرێنەوە وە لانی کەم سێ هەفتە بەر لەوەی کاری باشترکردن دەستپێبکات بە نوسین ئاگادار دەکرێنەوە.

هەموو خانووەکان یەکەمجار بە سەرکەوتووی تەسلیم دەکرێن.

ئەگەر هەر کارێکی خراپ ئەنجامدراو تێبینی کرا لە ماوەی دوو ڕۆژدا چاکدەکرێتەوە.

## باشترکردن یان دەستکاری کردنی ماڵەکەت لەلایەن خۆتەوە

ئەگەر دەتەوێت کاری باشترکردن یان دەستکاری کردن بۆ ماڵەکەت ئەنجام بدەیت وە داواکارینامەیەکت بۆ ئەو مەبەستە پڕکردۆتەوە ئێمە:

- لە ماوەی 10 ڕۆژی کارکردندا لە بڕیارەکەمان ئاگادارت دەکەینەوە ئیتر بتوانیت کارەکە ئەنجام بدەیت یان نا؛
- سەردانی ماڵەکەت بکەین بۆ ئەوەی بزانین ئەو کارەی کە دەتەوێت بیکەیت چییە ئەگەر پێویست بێت- ئێمە پەیوەندیت پێوەدەکەین بۆ ئەوەی کاتێکی وەها دابنێین کە بۆ هەردوولا باش بێت؛
- بەشێوەی ناماقوڵ ئەوە ڕەتناکەینەوە کە باشترکردن یان دەستکاری کردنی خانووەکەت ئەنجام بدەیت؛
- داوای ئەوە دەکەین کە کاتێک کارەکە تەواو بوو ئاگادارمان بکەیتەوە بۆ ئەوەی بتوانین کارەکانت بپشکنین بۆ ئەوەی بزانین باشن؛ وە
- لە ماوەی پێنج ڕۆژی کارکردندا ئەوە دوپات بکەینەوە کە کارەکە بەشێوەیەکی قایلکارانە ئەنجام دراوە.

هەموو داواکارییەکان بۆ باشترکردن یان دەستکاری کردن لە ماوەی 10 ڕۆژی کارکردندا وەڵامیان دەرێتەوە وە هەر پشکنینێکی کاری تەواو بوو لە ماوەی پێنج ڕۆژی کارکردندا لە کاتی ئاگادارکردنەوەوە ئەنجام دەدرێن.

# خزمەتگوزارییە تایبەتەکان

## ژیان لە بینایەکی چەند نهۆمیدا

ئێمە لەوە تێدەگەین کە کرێچییەکانمان کە لە بینای چەند نهۆمدا دەژین، لە سێ نهۆم بەرەوژور، پێداویستی تایبەتیان هەیە. ئێمە ئەو پێداویستیانە وەکو لای خوارەوە جێبەجێ دەکەین:

- دابینکردنی کارگوزارێک کە دەتوانێت ڕێنمایی و یارمەتیت بۆ دابین بکات لەکاتی کوتوپڕیدا وە زانیاریت بداتێ دەربارەی خزمەتگوزاری وەک شیر یان گەیشتنی پۆستە- کارگوزارەکە هەروەها ناوچە هاوبەشەکان بە پاکی ڕادەگرێت و لەوە دڵنیادەبێتەوە کە ئامێرەکان بەباشی کاردەکەن؛
- دامەزراندنی سیستمێکی تەلەفونی چوونە ژوورەوە لە دەروازەی سەرەکیدا بۆ ئەوەی نیشتەجێکان کۆنترۆڵ بکەن بەسەر ئەوانەدا کە دێنە ناو بیناکە؛ وە
- ڕێوشوێنی تایبەت لەگەڵ ئێوە ڕێکبخەن کاتێک کە دێنە ناو بیناکە یان دەچنە دەرەوە.

## بەرنامەی ژیانی سەربەخۆ

ئەم خزمەتگوزارییە بە ئامانجی ئەوەیە یارمەتی خەڵک بدات کە پشت بەخۆیان ببەستن، وە پشتگیریش بکرێن لە ژینگەیەکی سەلامەت، ئاسایش وە خاوێندا.

ئەگەر کرێچییەکی بەرنامەی ژیانی سەربەخۆیت دەتوانیت چاوەڕوانی ئەوە بیت کە:

- بەر لەوەی کرێچێتییەکەت بۆ پێشنیاز بکەین ئێمە بواری ئەوەت دەدەینێ بۆ ئەوەی کارگێڕی بەرنامەکە ببینیت و قسەی لەگەڵدا بکەیت وە سەیری ناو خانووەکە بکەیت؛
- ئێمە 24 کاژێر لە ڕۆژێکدا پشتگیری دابین دەکەین لەڕێگای کارگێڕێکی بەرنامەکەوە، کارمەندی پشتگیری کۆمەڵگە یان کێ لینکەوە؛
- ئەگەر بێدەسەڵات بیت وە حەز بکەیت لە کۆتایی هەفتەدا سەردانت بکەن، دەتوانیت داوای سەردانێک بکەیت لە خزمەتگوزاری کارگێڕی بەرنامەی گەڕۆکەوە، لە ڕێگای کارگێڕی بەرنامەکەتەوە؛
- تۆو میوانەکانت پێدەچێت بتوانن ژوورەکانی میوان کە دابینکراون بەکار بهێنن بە تێچوونێکی کەم؛ وە
- دەتوانیت شوێنی جلوبەرگ شتنی هاوبەش بەکاربهێنیت کە هۆکاری شتن و ووشکردنەوەی تێدایە، ئەگەر بەرنامەکەت ئەوەی تێدابێت.

> هەموو نیشتەجێکانی بەرنامەی ژیانی سەربەخۆ 24 کاژێر لە ڕۆژێکدا دەستیان ڕادەگات بە پشتگیری گونجاو.

## خانووبەرەی سەرپەرشتی زیاتر

ئەم جۆرە خانووە خزمەتگوزاری زیاتر پێشنیاز دەکات بۆ ژیانی سەربەخۆ وەکو:

- ژەمی خواردنی سێ بەشەی نیوەڕۆ، هەموو ڕۆژێک؛
- یارمەتی ناوماڵ بۆ کاری وەکو گسکدان و ئوتووکردن؛ وە
- خزمەتگوزاری کارگێڕی بەرنامە هەموو ڕۆژێک.

## گونجاندن

ئەگەر کەمئەندامیت هەیە، بارێکی تەندروستی درێژخایەنت هەیە یان ناتوانیت بە ئاسانی کاروباری ڕۆژانەت ئەنجام بدەیت وەکو خۆشتن و هەڵگەڕان بە پلیکانەکاندا، پێدەچێت ئێمە بتوانین یارمەتیت بدەین بە دابینکردنی گونجاندن بۆ ماڵەکەت.

ئەگەر گونجادنێکی بچوکت بوێت، وەکو هێڵی دەست پێگرتن یان هێڵێکی زیادەی پلیکانە، چارەسەرکارێکی پیشەیی سەردانت دەکات بۆ گفتوگۆکردن لەسەر پێداویستییەکانت.

ئەگەر دەستکاری کردنێکی بنەڕەتیت بوێت لە ماڵەکەتدا، وەکو دامەزراندنی شاوەرێک یان ڕەمپایەک لە دەروازەی سەرەکیتدا، کاونسڵی وەیک فیلْد

هەڵسەنگاندنەکە ئەنجام دەدات.  ئەوان هیوادارن کە ئەم هەڵسەنگاندنە لە ماوەی 28 ڕۆژدا ئەنجام بدەن.

کاتێک لەسەر پێداویستییەکانی گونجاندنەکە لەگەڵ کاونسڵی وەیک فیڵد ڕێککەوتین، ئێمە هیوادارین کە کارەکە لەماوەی 12 هەفتەدا ئەنجام بدەین لەو کاتەوە کە ڕەوانەکردنەکە نێرراوە بۆ ئێمە.  ئێمە لە هەموو قۆناغەکاندا لە بەرەوپێش چوونی مەسەلەکە ئاگادارت دەکەینەوە.

ئەگەر دەستکارییەکان ئەنجام نەدرێن بۆ ماڵەکەت ئێمە لەماوەی 20 ڕۆژدا سەردانت دەکەین بۆ گفتوگۆکردن لەسەر پێداویستییەکانت.

WDH ئامێری وەک سەرخەری پلیکانە (مەسعەد) و ئامێری سەرخستنی مرۆڤ (lifting hoist) دانامەزرێنێت.  بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە یارمەتیت دەدەین بۆ داواکاری پێشکەش کردن بە کاونسڵی وەیک فیڵد بۆ پارەی یارمەتی ئاسانکاری کەمئەندام بۆ ئەوەی پارەی تێچوونی دامەزراندنەکە بدەن لەڕێگای کۆنتراکتچییەکی متمانە پێکراوەوە.

ئێمە لە ماوەی 20 ڕۆژدا لە کاتی پێشکەش کردنی داواکارینامەکەوە سەردانی هەموو داواکارانی گونجاندن دەکەین.

هەر کارێک کە کاونسڵی وەیک فیڵد پەسەندی بکات لە ماوەی 12 هەفتەدا لە کاتی ڕەوانەکردنەکەوە تەواو دەکرێت.

## کڕین یان لیزکردن (leasing) ماڵ یان زەوی

ئەگەر مافی کڕین یان مافی وەرگرتنت هەبوو وە حەزت کرد بەشێوەی تەواوەتی یان بەشێوەی لیز خانووەکەت بکڕیت ئێمە:

- زانیاری تێروتەسەل و فۆرمێکی داواکارینامەت لەماوەی حەوت ڕۆژی کارکردندا بۆ دابین دەکەین لە کاتی داواکارییەکەتەوە؛ وە
- بڕیارێک لەسەر داواکارینامەکەت دەردەکەین لە ماوەی چوار هەفتەدا لەو کاتەوە کە هەموو زانیارییە پەیوەندیدارەکانمان بەدەست دەگات وە ڕێگامان پێدەدرێت بێینە ناو ماڵەکەت.

ئەگەر داوا لە ئێمە بکەیت کە پارچە زەوییەک بکڕیت یان بە لیز وەری بگریت کە هی ئێمەیە، ئێمە:

- لە ماوەی چوار هەفتەدا وەڵامی داواکارینامەکەت دەدەینەوە.

فۆرمی داواکارینامە بۆ کڕین یان لیزکردنی خانوو یان زەوی لە ماوەی حەوت ڕۆژی کارکردندا دابین دەکرێن.

هەموو داواکارینامەکان بۆ مافی کڕین یان مافی وەرگرتن لە ماوەی چوار هەفتەدا لە کاتی داواکەوە بڕیاریان لەسەر دەدرێت بەو مەرجەی ئێمە هەموو زانیارییە پەیوەندیدارەکانمان هەبێت.

# زانیاری بەسوودی پەیوەندی کردن

## وان کۆڵ (OneCALL)

Merefield House, Whistler Drive,
Castleford WF10 5HX
تەلەفون: 0845 8 507 507
**ئیمەیڵ:**

onecall@wdh.co.uk

## بنکەکانی دەستڕاگەیشتن بە خزمەتگوزاری

### لوپسێت (Lupset)، ئۆسێت (Ossett) وە

### هۆربری (Horbury)

بنکەی دەستڕاگەیشتن بە خزمەتگوزاری لوپسێت
2-4 George a Green Road
Lupset, Wakefield WF2 8HN

بنکەی دەستڕاگەیشتن بە خزمەتگوزاری ئۆسێت
Town Hall, Ossett WF5 8BE

### کاستل فۆرد (Castleford)، ئەیردەیڵ

### (Airedale) وە نۆرمانتن (Normanton)

بنکەی دەستڕاگەیشتن بە خزمەتگوزاری ئەیردەیڵ
Stansfield Road, Airedale,
Castleford WF10 3BY

بنکەی دەستڕاگەیشتن بە خزمەتگوزاری کاسڵ فۆرد
23 Carlton Street, Castleford
WF10 1BG

بنکەی دەستڕاگەیشتن بە خزمەتگوزاری نۆرمانتن
10 High Street, Normanton
WF6 2AB

### پۆنتفراکت (Pontefract)، کۆنتنگلی (Knottingley) وە

**فیزەرستۆن (Featherstone)**

بنکەی دەستڕاگەیشتن بە خزمەتگوزاری پۆنتفراکت
1 Horsefair, Pontefract WF8 1PE

بنکەی دەستڕاگەیشتن بە خزمەتگوزاری فیزەرستۆن
Wakefield Road, Featherstone,
Pontefract WF7 5DG

### هامسۆرس (Hemsworth)، ساوس ئێلمساڵ (South Elmsall) وە کرۆفتن (Crofton)

بنکەی دەستڕاگەیشتن بە خزمەتگوزاری ساوس ئێلمساڵ
Exchange Street, South Elmsall,
Pontefract WF9 2RD

### شاری وەیکفیلد و دێهاتەکانی

بنکەی دەستڕاگەیشتن بە خزمەتگوزاری ئیستمور
Stanley Street, Eastmoor,
Wakefield WF1 4NB

بنکەی دەستڕاگەیشتن بە خزمەتگوزاری وەیکفیلد
19-25 Wood Street,
Wakefield WF1 2EL

## بنکەکانی زانیاری خزمەتگوزاری

بنکەی فێربوونی کۆمەڵایەتی هاڤەرکرۆفت وە ڕایهیل
Mulberry Place, Ryhill WF4 2BD

بنکەی بازرگانی سێدارس
Barnsley Road, Hemsworth
WF9 4PU

بنکەی سەرچاوەی کۆمەڵگای کینسلی وە فیتزویلیام
Wakefield Road, Kinsley, Pontefract
WF9 5BP

# فەرهەنگۆکی زاراوەکان بۆ ئاستە پێویستەکانی مافی بەشداران

## کێ لینک (Care Link)
کێ لینک خزمەتگوزارییەکی ئاگادارکردنەوەی کوتوپڕی کۆمەڵگایە، کە 24 کاژێر لە ڕۆژێکدا کراوەیە، بۆ کرێچیان و نیشتەجێیانی ناوچەی وەیکفیلد.

## هۆم سێرچ (Homesearch)
خزمەتگوزاری نوێی بەکرێدانی WDH ە کە لەوێدا ئەندامەکان هەموو هەفتەیەک دەتوانن ئارەزووی خۆیان دەرببڕن بۆ ئەو خانوانەی WDH کە بەدەستەوەن.

## خاوەن لیز (Leaseholder)
ئەوانەی کە خاوەنی ئەو زەوییە نین کە خانوەکەیانی لەسەر دروستکراوە، وە کرێیەکی زەوی دەدات بۆ ماوەی چەند ساڵێکی دیاریکراو. ئەو کرێچیانەی کە لە بینای چەند نهۆمیدا دەژین وە لە خاوەن موڵکەکەی دەکرنەوە پێیان دەلێن خاوەن لیز.

## کۆڕی گفتوگۆی خاوەن لیزەکان
بۆنەیەکی ساڵانەیە بۆ ئەوانەی کە فلاتەکانی خۆیان کڕیوە بۆ بینینی کارمەندانی WDH وە لەوە دڵنیاببنەوە کە بیروڕاکانیان بەهەند وەردەگیرێن کاتێک بیر لە باشترکردنی خزمەتگوزارییەکان دەکەنەوە.

## کۆمیتەکانی بەڕێوەبردنی خۆجێی (LMCs)
لە هەر یەک لە پێنج ناوچە بەڕێوەبردنەکانی WDH دا یەک LMC هەیە. کرێچیان، نوێنەرانی کاونسڵ وە ئەندامانی بێلایەن لە LMC دا نوێنەرایەتی یەکسانیان هەیە. ئەوان لە مەسەلەی پارە سەرفکردنی خۆجێی و ئەو کێشانە دەکۆڵنەوە کە بوونە مایەی نیگەرانی کۆمەڵگای خۆجێی وە بیرابۆچوونەکانیان دەگەیەننەوە بە لیژنەی WDH.

## وان کۆڵ (OneCALL)
وان کۆڵ بنکەی ناوەندی پەیوەندی کردنی WDH ە کە لەوێوە کرێچیان دەتوانن داوای چاککردنەوە بکەن، پارەی پسوڵە بدەن، کێشەکانیان بگەیەنن وەکو هەڵسوکەوتی دژە کۆمەڵ یان هەر پرسیارێکی گشتی بکەن دەربارەی خانووبەرە.

## پەی زۆن (PayPoint)
شوێنی پەی زۆن لە دوکانەکاندا هەیە کە لەوێدا دەتوانیت کارتەکەت بخشێنیت بۆ ئەوەی بە کاش یان بە دێبت کارت پارە بدەیت.

## مافی پێشینەیی کڕین
مافی پێشینەیی کڕین بەرنامەیەکە کە ئەو مافانە دەپارێزێت کە کرێچییە دڵنیاکراوەکان هەیانە لە بەرواری ئاڵوگۆڕدا، 21 ی ئازاری 2005، ئەگەر بیانەوێت کەڵک لە مافی خۆیان وەربگرن بۆ کڕینەوەی ماڵەکانیان.

## مافی وەرگرتن
مافی وەرگرتن بەرنامەیەکە، کە مافی یاسایی کڕینی ماڵەکانیان دەدات بە کرێچییە دڵنیاکان، ئەوەش کاتێک دەبێت ئەگەر دوای بەرواری ئاڵوگۆڕ لە 21 ی ئازاری 2005 دا بووبیت بە کرێچی.

## کارگێڕی بەرنامە
کارگێڕی بەرنامە بەرپرسیارە لە بەرنامەی تایبەتی سەربەخۆی ژیان وە لەکاتی کوتوپڕیدا دابین دەکرێت. کارگێڕی بەرنامە لە پەیوەندی ڕۆژانەدایە لەگەڵ هەموو کرێچییەکان وە بەرپرسیارە لە ڕێکخستنی چالاکی کۆمەڵایەتی.

## بە کلێشە ئاسایشی پارێزراوە ( Secured by Design)
ئەمە ئاستێکە کە لەلایەن هێزەکانی پۆلیسەوە لە سەرتاسەری وڵاتدا دانپێدانراوە بۆ ماڵی نوێ و خانووبەرە. ئەوە هەوڵی کلێشە دانان و دروستکردنی هۆکاری وەها دەدات کە ئەو کەسانە کەشف دەکات کە دێنە ناوەوە وە ترس لە تاوان کەمدەکاتەوە.

## بنکەکانی دەستراگەیشتن بە خزمەتگوزاری (SAPs)
فەرمانگەی خۆجێی WDH هەیە، زۆریان لە ناوچەی خانووبەرەی WDH دان، کە لەوێ بەشداران دەتوانن پرسیار بکەن، داوای ڕێنمایی بکەن وە پارەی پسوڵەکان بدەن.

## بنکەکانی زانیاری خزمەتگوزاری
بنکەکانی زانیاری WDH لە ناو بنکە کۆمەڵایەتییە خۆجێیەکاندا هەیە.

## گرووپەکانی چاوخشاندنەوە بە خزمەتگوزاریدا
گرووپەکانی چاوخشاندنەوە بە خزمەتگوزاریدا یارمەتی گەشەپێدان و چاودێری کردنی بەرەوپێش چوون دەدەن، وە لە زۆربەی ناوچەکانی خزمەتگوزاری WDH دا هەن. زانیاری ئەو کۆبوونەوانە بۆ نوسینی ڕاپۆرت بەکاردێت بۆ لیژنەکەمان بۆ پێشنیارکردنی گۆڕانکاری لە ڕامیاریدا بۆ باشترکردنی گەیشتنی خزمەتگوزاری.

## لیژنەی گفتوگۆی ڕووبەڕوو
ئەوە بۆنەیەکی یەک جارەیە بۆ چاوخشاندنەوە بە ڕامیاری یان ڕێوشوێندا یان بۆ پێشنیارکردنی داخوازی بۆ ڕامیاری یان خزمەتگوزارییەکی نوێ.

## ڕۆژی ڕووبەڕووبوونەوەی کرێچی
بۆنەیەکی بەرفراوانی ڕاوێژی کرێچیانە کە لەوێدا ژمارەیەک کێشەی بنەڕەتی/ ڕامیاری گفتوگۆیان لەسەر دەکرێت و چاوپیاپێداخشێنرێتەوە.

# چۆن دەتوانیت لەسەر ئاستە پێویستەکانی مافەکانی بەشدارانی ئێمە تێبینی بدەیت

## ئایا ئێمە بەباشی لێیان تێگەیشتووین؟

ئێمە هەمیشە هەوڵ دەدەین بۆ باشترکردنی چۆنایەتی خزمەتگوزارییەکانمان. ئێوە دەتوانن یارمەتیمان بدەن بە بەکارهێنانی ئەو فۆرمەی کە لە لاپەڕەی داهاتودایە بۆ ئەوەی پێمان بڵێیت بیروڕات چۆنە دەربارەی ئاستە پێویستەکانی مافەکانی بەشدارانمان.

## تۆ دەتوانیت



**فۆڕمەکەت بگێڕیتەوە**
بۆ هەر SAP یەکی WDH



**بە پۆستدا بینێریتەوە بۆ**
OneCALL,Merefield House,
Whistler Drive, Castleford
WF10 5HX



**فاکسی بکە**
بە ژمارە 01977724445



**تێبینییەکانت ئیمەیڵ بکە بۆ**
onecall@wdh.co.uk

## ئەگەر ئەم زانیاریانەت بە شێوازێکی دیکە پێویستە تکایە ئاگادارمان بکەرەوە.



**بە تیپی گەورە**



**سی دی**



**یان هەر شێوازێکی دیکە**



**تیپی هەڵتۆقیو بۆ نابینایان (برایل)**

تەلەفون بکە بۆ وان کۆڵ بە ژمارە 08458507507 ئەو تەلەفونانەی کە بە تێکستیش دەکرێن وەردەگیرێن (تەلەفون کردن بۆ وان کۆڵ پێدەچێت تۆمار بکرێت بۆ مەبەستی ڕاهێنان)

# فۆڕمی ڕاوێژی ئاستە پێویستەکانی مافەکانی بەشداران

تکایە نیشانە بدە (✓) لەوەی کە دەگونجێت
ئەگەر بۆشایی زیاترت دەوێت، تکایە پشتی فۆڕمەکە بەکاربهێنە

**بەشێوەیەکی گشتی بیروڕات لەسەر ئەم بڵاوکراوەیە چۆنە؟**

☐ باشە ☐ مامناوەندییە ☐ لاوازە

چ بەشێکی دەبێت باشتر بکەین؟

**بیروڕات چۆنە لەسەر ئاستە پێویستەکانی مافەکانی بەشداران؟**

☐ باشە ☐ مامناوەندییە ☐ لاوازە

چۆن دەتوانین باشتریان بکەین؟

**ئایا لەو زانیاریانە تێگەیشتیت کە لە ئاستە پێویستەکانی مافەکانی بەشداراندا هاتوون؟**

☐ بەڵێ ☐ نەخێر

ئەگەر نەخێرە، تکایە پێمان بڵێ لە چ شتێک تێنەگەیشتیت

**ئایا لەو باوەڕەدایت کە کلێشەی ئاستە پێویستەکانی مافەکانی بەشداران**

☐ باشە ☐ مامناوەندییە ☐ لاوازە

چۆن دەتوانین باشتری بکەین؟

**چۆن پێتباشە ئەم زانیارییەت بەدەست بگات؟**

☐ وەکو خۆی ☐ لەسەر سی دی CD ☐ بە ئیمەیڵ

☐ لەسەر ماڵپەڕەکەمان ☐ بە تیپی هەڵتۆقیو (برایڵ)

☐ بە شێوازێکی دیکە چ شێوازێک ---------------------------------------------------

☐ بە زمانێکی دیکە چ زمانێک -------------------------------------------

ژمارە

ناونیشانی ئیمەیڵەکەت ئەگەر هەتبێت

سوپاس بۆ هاوکاریت

## دیدگا

بۆ دروستکردنی کۆمەڵگایەکی خاوەن متمانە

## پەیام

بۆ هاندان، ئاڵوگۆڕکردن وە پەرەپێدانی باشترین کردار

## بەهاکان

بۆ ئەوەی داهێنەربین، گشتگیر بین وە بە پاکی کاربکەین

خانووبەرەی وەیکفیڵد و دەورووبەری
Merefield House, Whistler Drive, Castleford WF10 5HX
تەلەفون: 08458507507
ماڵپەڕ: www.wdh.co.uk.

لە نیسانی 2010 دا بڵاوکراوەتەوە

**هێنانەدی پەیمانەکان، باشترکردنی ژیانی خەڵک**